# دەنگ و ئاوازە کوردیەکان

وانەیەک لە سروشتی فسیۆلۆجی و مۆسیقایی بۆ دەنگ و ئاوازی کوردی

نووسین : **عادل الهاشمی**

پێداچوونەوەو نووسینی پێشەکی : **ئەحمەد جەزراوی**

وەرگێڕانی

**زاهیر محەمەد کۆیی**

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر و وەرزش و لاوان – هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی هونەرەکانی موزیک

بنـــــــکەی مەقـــــــام

زنجیرە بڵاوکراوەی ژمارە (٥) بنکەی مەقام

هەولێر - ٢٠١٢

بڵاوکراوە : دەنگ و ئاوازە کوردیەکان

پیتچنین : خاوەر – نەشمیل

زمانەوانی : تاریق سالح

نەخشەسازی : وشیار محمدامین

سەرپەرشتیار: نایف شێخانی

ژمارە سپاردنی ( )ی ساڵی ٢٠١٢ ی لە بەڕێوە بەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان پێدراوە.

xawkarmaqam@yahoo.com

maqam_kurd@yahoo.com

- پێڕست
- وتەیەک باشە بگوترێ
- پێشەکی
- حەسەن جەزراوی
- عەلی مەردان
- رەسوول گەردی
- سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی
- نەسرین شێروان
- مریەم خان
- تایەر تۆفیق
- حەسیبە ئەلماز (ئەڵماس خان)
- شەماڵ سائیب
- جەمال جەلال

# وتەیەک باشە بگوترێ

**وەرگێڕ**

خوێنەری بەڕێز : ئەو نامیلکەیەی لەبەر دەستتدایە دەربارەی هەندێ لە گۆرانیبێژانی کوردە ..

گرنگیەکەی لەوەدایە نوسەرو شرۆڤەکارو رەخنەگرو لێکۆلەرەوەیەکی هونەری بە توانای عەرەبی عێراقی نووسیویەتی (ئەگەرچی لە هەندێ شوێندا بەباشی بۆ بابەتەکە نەچووە و ڕایەکی کەمێک دوورلە ڕاستی پێکاوە .. لە هەندێ جێگای تریش نەیتوانیوە بە راست و دروستی ناوی کوردستان ببات جا لەبەر هەر هۆیەکی تایبەت بەخۆی بوبێ. ئەو سەردەمەی نوسینەکەی تێدا نوسیوە لەوانەیە بۆ ئەو گونجاو بوبێت هەموو ڕایەک بە راستینەی خۆی بڵێت .. لێرەدا تا ڕادەیەک مافی پێدەدەین ... وەرگێڕ ).

لە سەر پێشنیاری بەڕێز بەڕێوە بەری بنکەی مەقام مامۆستا (نایف شێخانی) بە پێویستمان زانی ئەو نامیلکەیە وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی، چونکە ئێمە تاکو ئەمرۆ رەخنەگرو شرۆڤەکارێکی ئەوەندە بە تواناما‌ن نییە. وەک ئەو نووسەرە بنووسێت دەربارەی هونەری گۆرانی و مۆسیقا .... ئەگەر چی ئەو نووسەرە زیاتر لەسەر هونەری گۆرانی و مۆسیقای عەرەبی دەنوسێت و شارەزاترە.

بەڵام ئەم نامیلکەیە هەر چۆنێک بێت شوێن و کەلێنێکی شیاوی بۆ خۆی داگیر کردووە لە پەرتوکخانەی هونەری کوردی ... جێی سوپاس و دەستخۆشیە ئەو نووسەرە بەرەگەزعەرەبە .. کە زۆرێک لەو گۆرانیبێژانەی دیووە و ناسیوە پێش کۆچ کردنیان. ئەوەش لایەنێک گرنگ و پڕبایەخی ئەو هەولەی نووسەر دەخاتە روو چونکە قسەو گفتوگۆی زۆری لەگەڵدا کردوون و سەرنجی وردیشی داوەتە ئەو لایەنەی خۆی مەبەستی بووە بۆ نووسینەکەی .. ئەوەش بۆ ئێمە سەرچاوەیەکی مێژوویی باش و بەکەڵکە لە زمانی یەکێکی غەیرە کورد دەنگوباس و هەڵسەنگاندنێکی هونەری زانستی لەسەر گوتن و گۆرانی و هونەرو گۆرانیبێژانی کوردمان بکرێت.. هیوادارم منیش بە گۆڕینی ئەو نامیلکە بچووکە بۆ سەر زمانی خۆمان خزمەتێکی بچووکم کردبێ بۆ هونەرەکەمان ، دیارە هیچ کارێکیش لە کەموکوڕی بەدەرنا بێت.. بۆیە داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر هەرکەم و کوورتیەک لە وەرگێڕانەکەدا هەبوو .

# شتێک دەربارەی گۆرانی کوردی

**ئەحمەد جەزراوی**

پێش هەموو شتێک دەزانین گۆرانی هونەرە .. هونەریش بە ڕای زانای فەرەنسی (رینیە ویچ ) تەنها گەمەو ڕابواردن نیە .. بەڵکو پێویستیەکی گرنگە لە پێویستیەکانی گیانی و دەروونی مرۆڤایەتی بەرەو ڕووبوونەوەی سەختی لەگەڵ ڕۆژگاردا .. ئەو دەڵێ: هونەر بەبێ بوونی مەردم نابێت و نییە .. ئەکرێ بڵێین: ئادەمیزاد نییە بەبێ هونەر .. ئەمەش لە مێژوودا واتایەکە هونەری گوتن ئەسلەن پەیوەستە لەگەڵ مرۆڤ وەک پێویستیەکی ژیاری لە نێوانیاندا ... بەهۆی قۆناغەکانی لەدوایەک هاتندا ئەو شێوە ژیاریە گەشەی کرد بە جۆرێک ئارامی و خۆشی هاوکێشە بێت لە پرۆسەی ژیاندا .. بۆ نموونە: لایەنی بایلۆجی لە ژاندا وەک لێدانی دڵ یا هەناسەدان و ڕۆیشتن بە هەنگاوی ڕێکوپێک. مرۆڤی فێری ئەوە کرد بە ڕتمێکی ڕاست و ڕەوان برەو بکا. ((لە دواییدا وا دەستنیشانکرا کە ئەوە بنەمای دروستبوونە لە هونەری گوتندا.)) جا ئەگەر ئەو رتمە شێواو تێک چوو کاریکی نەرێنی و ناهەموار لەناخیدا پەیدا دەکات.. خۆ ئەگەر بەڕێکوپێکی و ڕاستو ڕەوان بوو مرۆڤ خۆی لە بارێکی ئارامی و خۆشی و هێمنی و هەستکردن بە تواناو هێز دەبینێت. جا بەم ڕەنگە لەڕووی مێژوویی و کەش و هەوای کۆمە لایەتی و بەرەو پێشچوونی لە ویژدانی زۆربەی میللەتانی دونیا جێگیر بوو .....

بەڵام پرسیار ئەوەیە: لە بواری ڕەهەندی ئینسانی کاریگەر با بڵێین دەروونی کۆمەڵ یاخود تاک کامیان هونەری گوتن بەرخوداره لەگەشە کردن و پێشکەوتن لە هەموو قۆناغەکانی دواتردا؟. دیدو بیرو ڕا بەرامبەر ئەو پرسیارە. هەندێکجار لێک نزیک دەبێتەوەو هەندێجاریش دوور دەبێتەوە هەندێجاریش وەک یەک دەبن.

ئەگەرچی زۆربەی کات سەرکەوتن بۆ لای خاوەن قوتابخانەی کۆمە لایەتییە ....

ڕاستە گیانی کۆمە لایەتی ((کۆمەڵگە)) ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە دەستنیشانکردنی ناسنامەی مێژوویی ((گوتن)) بە گوێرەی کات و ڕەوشی شارستانیەتی میللەتان

و تاکیش.. جا گیانی مرۆڤایەتی لەگەڵ تایبەتمەندیەتیشی هەر (کۆمە لایەتیە) .. جوولە دەکات لەگەڵ ((کۆمەڵ)) و بە ((کۆمەڵ)). جا دەتوانین جۆری ڕێککەوتن لە نێوان ڕاستی دەروونی و ڕاستی کۆمە لایەتی لە پرۆسەی (گوتندا) و ڕەهەندەکانی ببینین..

ئەو ڕاستیە هونەری گۆرانی گوتن وەک بەرهەمی کۆمەڵ لە مێژوودا لە شێوەی گێڕانەوەی ناوچەیی. نەتەوەیی نشتمانی لە ناخیدا روخسارو میللی و ویژدانی کۆمەڵ و بلیمەتی ئەو ڕەگەزە هەڵدەگرێ کە ئەو چالاکیە دەگوازێتەوە .... زۆر جار تاک یا کۆمەڵ هەماهەنگیان نەبووە ... بەڵام بلیمەتی تاک ڕۆڵی خۆی لە چەسپاندنی بنەمای مێژوویی لەم چالاکیەدا هەبووە.

جا کە تاک بەهرەیەکی دیاری هەبوو زۆر جار پارێزگاری ڕۆڵی ئەو چالاکیە دەکا لەگەڵ ئەوەش کە چالاکیەکی میللی و کۆمە لایەتیش بێت. دەبینین ئەو تام و بۆی نوێ دەردەخا لە ناو ئەو کۆمەڵەدا ....

لەو پێشەکیەدا مەبەست ئەوە نییە درێژە بدەین بە هێمایەکی مێژوویی درێژ لە پێوەندی نێوان گۆرانی گوتن و مرۆڤ، ئەو مەسەلەیە بەو چەند دێڕە بە کۆتا نایەت .. بەڵام دەمانەوێ بڵێین: لەو کاتەی مەردم هەستیکرد بە (( ڕیتم )) و هەنگاوی ڕێک .. لەو کاتەوە هەستیکرد بە ئاوازو مینگە مینگ و دەستەبەر کردنی دەنگ و ئامێر .....

ڕەهەندی (( گوتن )) لە کۆمەڵگەی کوردی هەمان ڕێڕەوی گرت لە گەشە کردنو پێگەیاندن و پێشکەوتن هەر وەکو چۆن کۆمەڵگەکانی تر .. ئەوەش لەبەر چاو بگرین هەندێ تایبەتمەندی ژینگەیی و ویژدانی بێگومان گۆرانی کوردی لەو بنەمایەوە هەڵقوڵاوەو سەری هەڵداوە..

لە یەکپارچەیی خاک و مێژوو زمان و داب و نەریت و دروستنبوونی خۆیەتی ڕەسەن لە فەرهەنگی ئەو کۆمەڵو میللەتە..

لەبەرئەوەی گۆرانی کوردی لە کۆمەڵانی خەڵکی کورد تێکەڵاو بونێکی شارستانی وای هەیە ئامانجو ئاواتی دەرخستنی ڕووی گەشی نەتەوەیی و مرۆڤایەتی لە خودی خۆیەتی تاکی کورد دەکات..

ئەو ڕاستیە بە درێژایی کات چەسپاوە .. هەنگاوی هەڵگرتووە بە ئاشکرا لە ڕووی جوانی وشەو قسەو دەنگ و ئاوازو ئەدا ... ئەوەش پاکی ڕێژەی تاک بیرو کەلەپوری دەردەکەوێ..

بۆ تێڕوانینێکی ووردەبینن گۆرانی کوردی گرنگی داوە بە هەندێ لق. بە هەموویان بنەمایەکی دیارو سەربەخۆ دێنێتە کایە دەتوانێت بڵاوبوونەوەو ناوبانگ دەربکات ... لە بواری هونەریەوە دەبینین گۆرانی کوردی جیاوازیەکی گشتی هەیە لە مەقام و بەستە و گۆرانی ئاسا ... لە ڕووی جوگرافیاوە دەبینین :-

١-گۆرانی شار: زۆر کەرەت دەبینن مەقامەکان لەگەڵ بەستەو هەڵپەڕکێی میللی نزیکن. بابەتەکانی گوزارشت لەخۆیەتی و تاکەکانی ئەو شاریانە دەکات کە لە دانیشتن و مەجلیسەکان و فیستیڤال و میهرەجانە وەرزیەکاندا دەیانبینن وەک نەورۆزو چوارشەمەی ڕەش (قەرە چوارشەمە). هەروەها لە هەواڵ و چیرۆک و پیا هەڵدان و ...تاد

٢- گۆرانی لادێ : دەتوانین بڵێین: ئەسلی فۆلکلۆرە لە زۆر نموونەی کوردی.. بەهۆی هەبون و بڵاوبوونەوەی ((دیوەخان)) لە گوندو لادێکانی کورد ..

٣- هەروەها گۆرانی کۆچەری (قەرەج) یاخود ((شایەر.. وەرگێر)). چاکەو فەزڵ بۆ ئەوانە دەگەڕێتەوە لە گواستنەوە و دەستاو دەستکردنی گۆرانی کوردی لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەک . لە دەڤەرێک بۆ دەڤەرێک لە وڵاتی کوردان . ئەوەش وەک موتوربەو بە یەککەیشتنێکە لە نێوان شێواز و جۆرەکانی گۆرانی کوردیدا..

لە مێژوو وادیارە گۆرانی وتن لای کورد لە کۆرپەیی و سەربێشکەوە تا کۆتایی و مردن هاوڕێنە .. ئەوەش لەوەدا دەردەکەوێ چۆن بە راستگۆیی و ساف و پاکو ڕون بەسەر پێیی (ارتجال) دەری دەبڕێت.

جا گۆرانیەکانی (شین و واوەیلا و مردن) و کۆتەڵ بەڕوونی دەردەکەوێ لە گیان و روحی تاکی کورد گەرچی لە هەموو دونیا ئەمە باوە.. بەڵام گۆرانی بێشکەو منالی لەنێوان رێزەکانی کۆمەڵگەی کوردی ئەمە شێوەیەکی ئاسایی و سادەیی بەخۆوە دەبینێ. بچووک و گەورە پەرەی پێدەدەن بە درێژایی زەمەن . سەرەتا گۆرانی پەروەردەو مەبەستدار بووە. دواتر لەگەڵ یاریە میللیەکان رێکخراوە و بە درێژایی کات و زەمان جۆراو جۆر بوە و زۆر بوە لە ڕووی دارشتن و شێوەو ڕوخساردا . لە دواجاردا بووەتە دووجۆر:

جۆری یەکەم: ئەوەی دادەنرێت و دەگوترێ بۆ منداڵان.. وەک گۆرانی لە دایکبون و لاواندنەوەی خەوهێنان بۆ چاوی کۆرپەو شادی پێ ببەخشێ....

جۆری دووەم: ئەوەی منداڵان خۆیان دای دەنێن بۆ یاریەکان و چالاکیە

ئاهەنگەکانیان.. زۆرجار پێوەستە بە هەڵپەرکێ و سەماو ڕتم و جوولە.. هەندێجار ئەو گۆرانیەی هەرزەکار و منداڵی کورد ( (حەیرانۆکی)) تێدایە . هەر لەو جۆرە .گوزارشت دەکات لە دڵسافی و پاکی.هەروەها جوانی ئەدا و خۆشی و کامەرانی لە ئاهەنگ و یاریەکاندا..

تاکی کورد زۆر پابەندە بە گوتن و هەڵلا کە گوزارشت بکا لە ڕاستگۆیی و خۆشی و کارکردن و برایەتی.هەندێ لق و بەشی تری ئاشکرا دەبینین لەناو دەقی گۆرانی کوردیدا . لەمانە:

١-گۆرانی کارکردن: تایبەتە بە گۆرانی کارو هاوکاری و هەرەوەزی (زبارە) لە کشتوکاڵ و ئاودانو دورویّنەو مەڕ بڕینەوە .. هەروەها کاتی دەستاڕو ئاردو دانەوێڵە بەباکردن و ترێ ڕنین و قاورمە و.....تاد.

٢-گۆرانی خۆشی و بۆنەکان: ئەمەش وەک گۆرانی بووک گواستنەوە .لەسەرەتای پرۆسەکەوە لە ئامادەکردنی بووک و بەڕێکردن و خۆشی و ڕۆژی یەکەم و حەوتەم . چونکە هەر قۆناغەو وێستگەیەکی ئەم پرۆسەیە گۆرانی تایبەتی خۆی هەیە.. هەروەها گۆرانی کاتی چوون بۆ گەرماو و شەوی خەنەبەندان و گواستنەوە .

بەڵام گۆرانی بۆنە ئایینیەکان هەر گوزارشتە لە بەندە ئایینیەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە لەسەر ڕتمی دەف و دەهۆڵی بچوک کە حالەتێکی ویژدانی وا دروست دەکات لە عەشقی خودایی و بێئاگایی و مەست بونی گیانی ..

هەروەها گۆرانی بۆنەی تریش دەبینین لە بەڕێکردن و بەخێرهێنانەوەی حاجیان .. و گۆرانی تر لە ڕەوانەکردن و هاتنەوەی سەربازان..

دەبێ ئەوەش بڵێین: شێوەیەکی تریش هەیە لە گۆرانی کوردی پەیوەندی هەیە بە گیانی لە خۆ بردوویی و لە ئازایەتی و پاڵەوانیەتی تاکی کورد.. شەڕو پێکدادان لەنێوان عەشایریەکان. گۆرانی تایبەتی خۆی هەیەو خەلکی تایبەتی خۆشی هەیە بۆ چڕینی هەر ئەوان دەتوانن بە جوانی ئەدای بکەن و گیانی فیداکاری و شەڕکردن هان بدەن لە مەیدانی جەنگ و ڕوبەڕو بونەوەدا . و لە کاتی شەرو گرژی و هەراو هۆریادا دوو جۆر لەو گۆرانیبێژانە دەردەکەون:

جۆرێکیان بەسەر پێی مەقام و ئاواز و هاوار دەلێن لەنێو ریزی شەرکەرەکاندا. پێش تێکچڕژان بۆ هاندان و بەرخودان بۆ بەرزکردنەوەی ورەو گیانفیدایی ...

جۆرێكی تریش :

ئەوانە لەوڵاتر دەوەستن بەو مەرجە پیاوە شەڕكەرەكان گوێیان لە دەنگیان دەبێت لە هەموو لایەكەوە لە مەیدانی شەڕدا. گیانی ئازایەتی و بەرخودان دادەگیرسێنێ بۆ بەرگریكردن و پەلامارو هێرش بردن..
بەدێژایی خاكی عێراق .((هەرێمی كوردستان)) بە تێپەڕبوونی مێژوی فراوانی خۆی كۆمەڵێكی زۆری لە دەنگی بە پێزی گۆرانی تایبەتمەند پێشكەش كردوە .بە پڕاوپڕی قورگ و زارمان بە دەنگی بەرزدەتوانین بڵێین ئێمە شانازیان پێوە دەكەین بەرامبەر بە هەموو كەلەپوری میللەتانی تر... لەوكاتەی شرۆڤەكارو لێكۆلەرەوەی زیرەك((عادل هاشمی))لەو نامیلكەدایە ((١٠)) دەنگی دیارو گرنگی پیرە گۆیندە كلاسیكیەكانی كورد هەڵدەسەنگێنێ بە وانەكردن و بەراوردكردن . ئەوە هەڵسەنگاندنێكە لە لایەن كەسێكی غەیرە كورد كە ناو بانگ و و شۆڕەتێكی زۆری هەیە . ئەمە شتێكی گرنگ و بە پێزە بەرامبەر گۆرانی كوردی..
بەڵام بۆچی تەنها (١٠) دەنگ.؟! لە بەر ئەوەی مەیدان و گۆڕەپانی كورد زۆر لەوە فراوانترە بتواندرێ بە هەولێك و دووان وا بە ئاسانی چارەسەر بكرێ و بێتە بەرفراوانكردن. بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەو بەڕێزە هەموو هەوڵ و توانای خستۆتە گەڕ بۆ شرۆڤەكردن و چوونە ناو قو لایی ئەو جیهانە فراوانە زۆر سەختە.. ئەمە بابەتێكە جێی رێزو شانازی هەموو ڕۆشنبیرێكی عیراقە.
(( هەروەك ڕۆژنامەی نەورۆز گوتوویەتی)). كاتێك بەڕێز (عادل) تیشك دەخاتە سەر هەر گۆرانیبێژێكی كورد ئەم كارە بەتواناو باوەڕێكە وە دەكات كتێبخانەی ڕۆشنبیری زۆر پێویستی بەو جۆرە زانیاریانە هەیە كە زۆر كەمن لەم ڕوەوە.....
نامێلكەی ((دەنگ و ئاوازی كوری)) پێویستە بخوێندرێتەوە.. دەوڵەمەندە بە ناوەڕۆكە زانستیەكەی . قووڵە لە ماناو تیوری. ڕون و ئاشكراو شەفافە لە ئسلوبی تێپەڕبونی بەناو قوتابخانە فكریەكانی مۆسیقاو گۆرانی كوردی ... بەڕای من ئەوە پێشكەوتن و ئیزافەیەكی بێ وێنەیە لە كتێبخانەی كوردی و عەرەبی بۆ ئەوانەی گرنگی دەدەن بەم لایەنەی هونەری لەهەموو عێراق...

**ئەحمەد جەزراوی**

* لە ساڵی ((١٩٤٦))ز لە بەغدا لە دایکبووە .

* لە دواناوەندی دەرچوو یەکسەر گەشتی کرد بۆ ((قاهیرە)) بۆ خوێندنی مۆسیقا لە پەیمانگای مۆسیقای عەرەبی. دواتر گەڕایەوە بەغدا و چووە زانکۆی ((موستەنسریە)) بۆ خویندنی زمانی عەرەبی و بە بڕوانامەی دبلۆم لە زمانی عەرەبی دەرچوو...

* لە دامەزراوەی ڕۆژنامە نووسی دامەزرا وەک نووسەر لە ڕۆژنامەی ((جمهوری))و ((ألف باْ)) دواتر لە ڕۆژنامەی ((تاخی)) بۆ ماوەیەکی دورو درێژ دەی نووسی..

* دەیان پڕۆگرامی ئێزگەیی و تەلەفیزیۆنی لە ئێسگەو تەلەفیزیۆنەکان و کەناڵە ئاسمانیەکان پێشکەش کردووە..

* مۆسیقای لە کۆلێجی هونەرە جوانەکان گوتۆتەوە. هەروەها لە پەیمانگەی وانەی مۆسیقا ((الدراسات الموسیقیە)) بۆ چەندین ساڵ..

* ئەندامانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق و ئەندامانی سەندیکای هونەرمەندانی عیراق و ئەندامی کۆمەڵەی (( رەخنەگرانی مۆسیقایە ))...

* بە ڕاوێژکار لە وەزارەتی ((ڕاگەیاندن)) هەڵبژێردرا . هەروەها بوو بە ڕاوێژکار لە دەستەی پرسوڕا لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەغدا...

* ئەندام بوو لە لێژنەی هەلسەنگاندنی دەنگ و ئاواز لە ئێسگەو تەلەفیزیۆن بۆ ماوەی ((٢٠)) ساڵ.

* لە ئێسگەی (ABC) هەڵبژێردرا لەنێوان شەش کەس لە باشترین رەخنەگرانی مۆسیقا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ...

* لە نووسین و بەرهەمەکانی (( مۆسیقا لە عێراق لە سەردەمی پێش ئیسڵام تاکو داگیرکردنی بەغدا)) . هەروەها ((ڕێڕەوی ئاوازی عێراقی)) وە ((عودی عەرەبی لە نێوان لاسایی و تەکنیک)) و ((هونەری گوتن . دەنگو جۆرەکانی)) هەروەها ((مۆسیقای عەرەب لە (١٠٠) ساڵدا (١٩٠٠) تاکو (٢٠٠٠) )) لە زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارە عەرەبی و ئەوروپاییەکاندا نووسین و شرۆڤەکاری هەبووە....

## دەستپێــک

خوێنەری بەرێز ئەوناميلكەی بەردەستت كۆمەڵێک دەربڕينە نوسيوومە دەربارەی گۆرانی كوردی و ئەو دەنگانەی زيندوو لە مێژودا ماونەتەوە .چونكە گۆرانی كوردی يەكەيەكی تەواوە ناكرێت پارچە چارچە بكرێت.. بەو سومبوڵانەی كوردی و تواناكانيانەوە دیارە ... لەبەرئەوە دەتوانين بڵێين: گۆرانی كوردی نمايشێكی ڕێكە بۆ مێژوی خۆی لەشێوەی ئاوازی وشەو چۆنيەتی گوتن و گۆڕانكاريەكان .. ئەوەی گوێ لە گۆرانی كوردی بگرێت هەست بە داهێنان و ئەزموونی دەكات..

ئەگەرچی زۆر گوێگر بە وردی و تێبينيەوە تەماشای گۆرانی كورديان نەكردووە . تەنها هەندێجار گوێی لێدەگرن بۆ كەمێک ئاشنا بوون لە جۆرێک گۆرانی وەک دەڵێن: گوێ لە گۆرانی زۆربەی ميللەتان بگرين تاكو جياكاری نێوان گوتنەكان لێک جيابكەينەوە لەو دونيا پان و بەرينە .. ئەوەش كارێكی جيدی و بە پێز نييە بۆ شارەزابوون لە گۆرانی كوردی و شێوەو جۆرەكانی .... گۆرانی كوردی زۆر پێويستی بە قوڵبوونەوە هەيە تاكو بيرۆكەيان لە گێچكەدا چەسپ دەبێت. چونكە كورد ميللەت و گەلێكی زۆر كۆنن. بيرتيژن . مێژووييەكی دووردرێژيان لە گۆڕەپانی مرۆڤايەتيدا هەيە... زۆر بە مەيدانە جيا جياكانی ژياند چونەتە خوارەوە .. ڕۆڵی شياوی خۆيان زانيوە لە ناو رەگەزی مرۆڤايەتيدا لە هەموو ڕوێكەوە . بە ڕێگايەكی راست و دروست. پەيڕەوێكی زيندوو دروستكەر وەستاوە تاكو لەگەڵ ڕێگە نوێيەكانی مێژوودا بڕوات . ئەو پەيڕەوە لە پێشكەوتنی كورد وەک جەمسەرێكی ديار لە كارو بەرخودان بە درێژايی مێژوی گەڵی كورد بەهەمهێنەری گۆرانی كورديە. گوتنێكی جەوهەری ديارو نادیار، بونێكی ديناميكی لە بارستايی و گەورەيی رۆحی وبەرزە فڕ بۆ ئاسۆی بەرزو بڵند... دەكرێ بگوترێ گۆرانی كوردی تێگەيشتنێكی شەفاف و ڕۆنی هەيە لە سنوری مێژوی خۆی كە بنەمای گيانی و دروستكردنی تازەو نوێ دەكاتەوە .. گۆرانی كوردی كاری بێوێنەی هەيە لە دراماتيكيدا . ڕۆژهەڵاتيە لە روخساردا . رێک و گونجاوە لە نێوان ڕۆژهەڵاتی كۆنو توندو تيژ لە جوگرافيای پان و فراوانيدا .. خاكی كوردان شوێنی هەڵقوڵينی مێژووی مرۆڤايەتيە لە نێوان پێشكەوتن و گەشەكردن و لەنێو چووندا..

گۆرانی كوردی هونەرێكە بنچينەكەی پتەوو قايمە ، بە هێزو كاريگەرە لە نێوان سروشت و روح. ئەو گۆڕانكاريەی لە گوتندا بەسەری داهاتوە بەرگێكی جياكاری

بەسەرخۆیدا داداوە لە هەموو قۆناغە دورو درێژەکاندا. ئەوەی کۆیان دەکاتەوە یەک نەژادە لە سگێک بوە بەردەوامە لە مانەوەو گەشەکردن..

مێژوو وەک (هەدر) باسی لێوە دەکات دەڵێ : ( بریتیە لە پەروەردەکردنی ڕەگەزی بەشەریەت و گەشەپێدانی) . هەروا (کنت) دەڵێ : ( درێژ بونەوەیە لە گیانی عالەم ). دەتوانین بڵێین مێژوی کورد بە قو لای زەماندا چۆتە خوارەوە زنجیرەیەکی یەک لە دوای یەکدا هاتنە لە گۆڕانکاری بە درێژایی سەدەکان. سامانێکە لە شێوە هەبوەکاندا چونکە پڕە لە بوون و جوڵەو قو لایی .. لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێکە لە درامای مرۆڤایەتی کە پێکهاتووە لە چەندین شارستانیەتی بە هێزی بێ وێنە . هەر ڕەگەزێکی شارستانی وێنەی خۆی تێدا ڕەنگ دەداتەوە. کوردیش لە شارستانیەتی خۆی سۆزو بەرخودان و هەست و نەستی خۆی وەک میللەت و نەوەیەک بەرجەستەکردووە . ئەوان ڕابردوێکیان هەبووە گوزارشت لە زاتی خۆی دەکات لە زۆر ڕووەوە .. دەتوانرێ بە هۆی ئەمانەوە نهێنی جیهانی دیاری کورد بزانین. کەجیهانێکە پڕە لەراستی و حەق.. نەتەوەیەکی وەک کورد بەشداریەکی بێ وێنەو کاریگەریان کردوە لە شارستانیەتی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی . درێژ دەبێتەوە لە ئازەربایەنجان تاکو تورکیا و ئێران و باکوری عیراق (نوسەر) (کوردستانی عیراق — باشوری کوردستان — وەرگێڕ) هەتا سوریاش.. مۆسیقای کورد وێنەو شکلی بەدواداهاتنی هەیە و ئەمەش گرنگیەکی زۆری هەیە لە سروشتیدا.. ئێمە لێرەدا نامانەوێ باسی مۆسیقای کوردی بکەین بەشێوازێکی وێکچوونی هەڕەمەکی و ئاسان و سادە .. چونەکە ئەو وێکچوونە پلانێکی گەورەیە و زۆر لە باسە مۆسیقایەکان کەوتنە ناویەوە.. ئێمە دەمانەوی ئەو باسانە زۆر نزیک بن لە مانای گیانی مۆسیقای کوردیەوە . کەرەستەکانی لە سروشت هەڵێنجاوە ئەوەیمرۆڤ و کۆمەڵ و جوانی لە زانستی مۆسیقا کۆدەکاتەوە .... لە بەرئەوە تواناسازی مۆسیقای کوردی لەوە دا نەبوە هەندی ئاوازی بێ کەلک لە چەند ئامێرێکی مۆسیقادا کۆبکاتەوە... بەڵکو مۆسیقای کوردی پەیوەستە بەو ڕتمەی لەگەڵ جولە گونجاوە.. ڕتمێکی تەواو لە سەرکێشی هونەری و کۆمە لایەتی و سروشتی ژینگەی کورد ڕێک دێت..

چالاکی و ژیاری هونەرمەندی کورد لەوەوە دێت چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ مۆسیقاو گۆرانی دادەکات بەرەو قو لایی و ناخ .. کەواتە گۆرانی کوردی لە تواناو کاریگەری هونەری دروست بووە بە دەنگی مرۆڤ لە دروستبوونی بنەمای مۆسیقادا.. هەروەها ڕیتمی سروشتی ژیانی کوردەواری و کۆمە لایەتی تێدایە .. دروستبوون و بەرهەمهێنانی گۆرانی کوردی لە پێکهاتەکانی هونەری جۆراو جۆری مێژوویی و سروشتی ژیانی

وەرگرتوە.. بێگومان ئەو ئومێدە گەورە لە پێشکەوتنی مۆسیقای نەوەکانی داهاتوو ڕۆشنبیردەکات و بۆ زەمینەیەکی نوێ و بەپیت بۆ دارشتنێکی هونەریو پاڵوەدان بۆ داگیرکردنی شوێنێکی شیاو لەکاری مۆسیقای کوردیدا.. مافی خۆیەتی بگوترێ تاکو ئێستا هەوڵو کاری زۆر بەفیرۆ داوە بەلایەنی هەڵەو چەوت.. بە زیندوو مانەوەی کاری مۆسیقا دەتوانرێ بکرێت.. گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە جۆری ئەو بیروباوەڕەی گوزارشت دەکات بەتایبەت کورد مۆسیقاکەیان لە ڕەگ و ریشەی قووڵ و ڕەسەنی ژینگە وەرگرتووە.. ئەو مۆسیقایەش بەسەر چەند لایەنێک دا دابەش دەکرێت:

١- ئەو مۆسیقایەی ئاوازەکانی تەنها دەنگێکی تاک میلۆدیە .. ئەو مۆسیقایەش کوردە کۆچەرەکان گرنگیان پێداوە.

٢- ئاوازە لە دوای یەک هاتووەکان: دەربڕینێکی ووشیاریە لەگەڵ جوڵەی لەش و لار وەکو ئاوازە هاورێکانی شایی و هەڵپەرکێ و سەما .. ئەوەش هەمیشە لە لادێ و دێهاتە کوردەواریەکان دەردەچێ و بەرهەم دێت لە باکوری کوردستانی عیراق.

٣- ئاوازی ژەنیارەکان: ئەوەی لە ویست و ئیرادەی خۆشەویستی بۆ ژیان دەردەچێ. ئەوەیە لەگەڵ هێزی ژیانی ڕۆشنو ڕوناک ڕێدەکات . لەبەرئەوە دەکرێ بگوترێ توانای گەشەو پێشکەوتنی پێویستی هەیە ..

٤- بانگدان و خوێندنی قورئان: ئەوەش نرخ و بەهایەکی بێپایانی هەیە لە بزاڤی هونەرو ڕەوشت ، جوولەیەکی هونەریە لە راستی گشتیدا ...

لەو هەموو بەرگری و ڕوبەڕو بونەوەی ئاوازی کوردی دەبێ بگوترێ ڕێرەوی مێژوی ئەو ئاوازانە مانایەکی مێژویی زۆری هەیە .. ئەوە ئاوێتەیەکی ئاساییە . لەو دەربڕینە ووردە دەڵێین گۆرانی کوردی سیمایەکی دیارو تایبەتی لە ڕیتمی ڕۆژهەلاتی بۆ خۆی دەستە بەرکردوە و پارێزگاری لە ناوەڕۆکی نەتەوەی قوڵی کوردی کردوە بە گشتی .. ئاوازە نۆبەجارەکان — ئەوانەی لە دوای یەکدا دێن.

ڕیتمەکانیان (٨/٥) و (٨/٦) دەبن.. ژەنینی تاک هەیە لە مۆسیقای کوردی لەسەر ئامێری (بلوێر یاخود شمشاڵ) . جۆرێکە لە ئامێری فودار وەکو (فلوت) لەو ناوچانەی شوانەکان مێگەلەکانیان ، ئاژەلەکانیان دەلەوەڕێنن .. ئەو ئامێرە لە کۆمەڵەی ئامێری (نای) ڕۆژ هەلاتی دەژمێردرێ . ئەگەر بەراوردێک بکەین لەنێوان مۆسیقای ئازەریەکان و ئەرمەن و ئاشوری لەگەڵ مۆسیقای کوردی دەبینین مۆسیقای ئەوانەی لە پێشەوە ناومان هێنان لێک نزیکن و بەیەک دەچن ..بەلام مۆسیقای کورد خۆی لە ڕەنگ و بۆو شەخسیەتێکی کاریگەر دەبینێتەوە کە هەندێ ڕوی ڕۆمانتیکی تێدایە. ئەوەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ داهێنان بەتایبەت داهێنان و زیرەکی هەندێک لە

مۆسیقا ژەنەکان لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەست بون و زانیاریان بە کەلەپوری کورد.. ئاوازی کورد دەچێتە ناخی گیانەوە. هەروەکو چۆن گوزارشتیشە لە سروشت و ژینگەوە دەورو بەرو کەلەپوور. .. جۆرێکە لە ڕەنگاو ڕەنگی ئاواز . وێنەی جیا جیای تێدایە لە هێزو بازوو ، شاخ و چیایی بەرز، وەک چیا سەرکەشەکانی کوردستان . هەراوهۆریای میللی و هۆرەو گوتنی شوانەکانی ناو کێلگەو باخ و پێدەشتەکان . لەناو گۆرانیەکانی کورددا گیانێکی ڕۆمانتیکی شاعیری پڕ لە سۆزو بەزەیی تێدا بەدی دەکرێ.. لەگەڵ گۆرانیە کوردیەکان زیاتر لە (٢٨) هەڵپەرکێ و شایی کوردی دەتوانرێ بکرێ. هەر هەڵپەڕکێیەکیش ڕتمی تایبەتی خۆی هەیە لەگەڵ جوولە .. بەناو بانگ ترینیان دەتوانین بڵێین شایی (سێ پێیی)ە کە بە ((٣)) هەنگاوی رێک ئەنجام دەدرێ . لە شێوەی بازنەیی لە لایەن سەماکاران بە هەنگاوو جوولەی زۆرجوانو رێک وپێک دەست لەناو دەست .. هەروەها هەڵپەڕکێ و شایی ( شێخانی) هەڵپەرشکێیەکە بە جووڵەی دینامیکی و سوکەڵەیی ئەنجام دەدرێ و هەڵبەزین و سوکە بازدانێکی تێدایە وەستاییو لەش سوکی پێویستە . لە دێر زەمانەوە بەناو بانگە و بۆتە فۆلکلۆرێکی میللی کوردەواری...

ئەگەر دووبارە بگەڕێینەوە سەر ئاوازی ژەنیارەکان ،وێنەیەکی جوان و بەرز نیشان دەدات لە کۆمەڵی هونەری نایاب. هەریەک لەو گروپ و کۆمەڵانە پێک دێت لە (٣) هونەرمەند. (١) گۆرانیبێژ .(٢) دەهۆڵ کوت.(٣) ژەنیارێک لەسەر ئامێرێکی فودار. ئەوانە ئاهەنگی بۆنەکان دەگێڕن. بە بۆنە ئاینیەکانیشەوە زیاتر پەیوەست و بریتیە بە قورگی مرۆڤ و ئامێری مۆسیقا .. هەروەها زیاتر لەگەڵ ئاوازی دیهاتو لادێ ڕێک دەکەوی و دەگونجێ..

ئاوازی کوردی توانیویەتی بە میلۆدی یەک دێڕی تێپەڕ بکات و ئامێری مۆسیقای نوێش بەکار بهێنێ و بەرجەستە بکات وەکو ئامێری ئۆرکیسترا..... ژمارەیەکی بەرچاو لە ژەنیاری گەنجی تازە پێگەیشتوو بەدەرکەوتوون لەسەر ڕێگەو شێوازی گوتنی (مۆندی) ڕێ دەکەن. ((جۆرێکە لە گوتن و ژەنین و گواستنەوە لە دێرێکەوە بۆ زیاتر بۆ (بۆلیفۆنی) یاخود گوتن لە چەند پەیژەو دێڕێکدا لەیەک کاتدا دەگوترێ و دەژەنرێ.. ئەمەش دەمانگەیەنێتە زانستی رێکهاتن (هارمۆنی) و (کۆنترانێت) ((نوسەر))..

ئێمە لێرە تەنها باس لە گوتنی سادەو بەر بڵاو دەکەین ..ئەوانەی لەسەر دەستی مامۆستاو پیرو کەڵە هونەرمەندەکانی پێشوو پێمان گەیشتوە. ئەوانەی گوێمانیان بە ئاوازی کۆن و هەنگاوی هێواش و لەسەر خۆ هاوێشتوە... گۆرانی کوردی هەروەکو

گۆرانی رۆژهەڵاتی بە گشتی ، خزینی دەنگیان بەکار هێناوە (زحف) (کرۆماتی). چونکە دەنگە کوردیەکان لە هێزوو ئەزمونیان و توانایان بۆ ئەم جۆرە کرۆماتیە زیاترە لە گوتنی رۆژ هەڵاتیەکاندا هەیە. ئەم جۆرە نموونانە زۆرن وەک گوتنی هونەرمەندی بە ناو بانگی عەرەب (محمد عبدولوەهاب) (ئوم کەلسوم) (فەرید ئەترەش) (ئەسمەهان) (لەیلا موراد) (عەبدولغەنی سەید) (کارم مەحمود) و هی تریش...

لەسەر لێوارو گۆرانی کەناری کوردی شێوەی گوتنی تریش ڕواوە. هەریەکە نرخ و بەهای خۆی هەیە . وەک گوتنی (شوانەکان). جۆرێکە لە (مەوال) .. گۆرانی بێژە کۆنەکان جوانترینیان کردوەو ڕێکتریان کردوە و ئامێری مۆسیقاشیان لەگەڵ بەکار هێناوە وەکو ئامێری (باڵەبان). جۆرێکە لە (فلوتی) دار.. ئامێرێکی تر پێی دەڵێن (دووزەلە) ئەمەش فلوتێکی راستە لە دوو زەل یاخود قامیش ((وەرگێڕ) پیک دێت یاخود لە ئێسقانی مەلی (شاهین)... هەروەها ئامێری (بلوێر) و هی تر ... ئەو ئامێرانە لە وڵاتی نێوان دوو ڕوبار زیاتر بەربڵاوە ... بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە تەپڵ و دەهۆلەوە هەبێ ئەوەی کورد پێی دەڵێن: (تیر) بە تەپڵی ((دەربەکە)) دەچێت ((نووسەر)) ڕتمی (٤/٣) و(٤/٤) ی پێ جێبەجێ دەکرێ...لە گوتنی شوانەکان. گوتن ئازادە و زیندوو سەربەستە گوزارشت لە دڵ و دەرونی دەکات لە ئەشق و خۆشەویستی هەروەها لە شین و زاری و هەراو هۆریای سەرکەوتن.. گۆڕانکاری و ئارایشی ئاوازی تێدایە . ئەمەش بە گوتنی وەستایی ناسراوە و جوانکاری ئاوازی لە خۆ دەگرێ و دەنگ گۆڕینی تێدایە لە گوتنا چوار دەنگە.. (١)بروسکەیی . (٢)تێکەڵاوی . (٣)پێک گەیاندن . (ئاوێتەیی. ((نوسەر))... واتە (ترعید . تمزیج . توصیل . ترکیب).. ئەو جۆرە گوتنە بەتایبەت لە گوتنە کۆنەکاندا زۆر دەردەکەوێ ، ئەو هەڵسوکەوتە لە گوتنا لە کڕۆکی شارەزایی مێژوییدا سەری هەڵداوە .. گۆرانی کوردی ناوەڕۆک و جەوهەری خۆی پاراستوە .. لەگەڵ ئەوەش کاریگەری نەتەوەکانی دراوسێ هەر هەبوە و ئاوازی نوێ هاتۆتە ناو گۆرانی کوردی .. ئەوەش شتێکی ئاساییو سروشتیە لەگەڵ بەردەوامی ژیان کارتێکردنو کارتێکراو هەبێ .. ئەمە گفتوگۆ و مشتو مڕێکی مێژویی زۆری لەسەرە...هونەری کوردی روخسارێکی دیاری هەیە لە هەموو قۆناغەکانی تێپەڕیوە .. لە میلۆدی سروشتی کە لەگەڵ پەیژەی (مینوتر) یەک دەگرێتەوە و ڕیتمەکانی توندو بەهێزو شەفافن ئەگەر چی گوزارشتیش بکات لە پەژارەو دڵتەنگی .. گۆرانی کوردی روخساری کۆچەری و لەوەڕگای پێوە دیارە وەک سروشتی تەبیعەتی پێک هاتەی . ئەوەش وایکردوە

ئەو گۆرانیانە سادەیی و ئاسانیو تاک تاکی پێوە دیاربێ . چونکە کورد میللەتی دێرینن لە ناو ناخی خۆیدا توانایەکی بێپایانی بەخشینی تێدایە .کارو ڕوداو لە هۆشیاری ئاینی و هونەری خۆرسک لە بەرزترین پایەکانیەتی . بۆیە ئەو پلە بەرزەی داگیرکردوە لە ناو مۆسیقای نەتەوەکانی تر. وەک (فارس) لەبەر نزیکی جوگرافی. هەروەها نەتەوەکانی تری نیشتەجێ.کە درێژ بۆتەوە لە نێوان یۆنان و ئەوروپای ڕۆژهەڵات تاکو سنووری ئاسیای ناوەڕاست و ئەفغانستان... ئەو بەراورد کردنە بە پێویست دەزانم لە دوا رۆژ لەبەر دوو هۆ:-

یەکەمیان: توانای مۆسیقای کوردی بەرامبەر کارتێکردن و کارتێکراو.

دووەم: چونکە مۆسیقای کوردی یەک لە پایە فەرهەنگی و تێگەیشتویی ئەوەیە لە ڕوخساردا توانیویەتی ڕوخساری ئاسیەوی و ئەوروپی کۆبکاتەوە... ئەو بەراورد کردنەش لەو نامیلکەیەدا جێگەی نابێتەوە (نوسەر).

دەتوانین بڵێین گۆرانی و گوتنی کوردی بەهایەکی مێژویی ڕۆشنی قوڵی هەیە. توانای کۆکردنەوەی کەلەپورو سەردەمی هەیە. لە نێوان گیان و تەکنیک . لەنێوان درێژبونەوەو فڕین و بەرزبونەوە. . ئەوەش دواڕۆژێکی ڕوناک و پڕشنگ دار دیاردەکا .. چونکە دەنگە گۆرانیەکانی کوردو مێشکی مۆسیقا وانەکانی کورد دروستکەرو و داهێنەرو بە گوڕ دەبێت لە گوێچکەمان. ئەو گۆڕانکاریانەش راستی هێزو و گڕوتینی تێکەڵاوە. پێویستە دەر بکەوێ لە گەرمەی هەست و شعور . چونکە گۆرانی کوردی کانی و گڕو گڵپەو کەنارە...

**حەسەن جەزراوی**

ئەو کارەی گۆرانی کوردی کردی بەلای ئەوەدا گوزەری کرد دەقی قسەو وشە بەرجەستە بکا بۆ کاریگەری زیاتری ئاواز لە ڕێگەی دەنگی قەبەو بە سۆزو کاریگەر.. ئاشکراو ڕونە ناوچەی سەروی (باکوری عێراق )(نوسەر) واتە کوردستانی عیراق (وەرگێڕ) دەنگی ئادەمیزاد بە پیرۆزی و گرنگ تەماشا دەکا بۆ گەیشتن بە ڕێژەیەکی دیاری بلیمەتی و پێشکەوتن لە گوتندا... لایەنەکانی گوتنی کوردی لە دێر زەمانەوە گرنگی دەدات بە جوان گوتن و پلەو پەیژەی گۆرانی بێژان .. زۆربەی دەنگە کوردیەکان پابەند نە بوون بە کێشە هونەریەکان لە هەموو ڕوەکانی ئاوازدا.. بەڵکو بەلای زیرەکی و زۆرزانیدا ڕۆیشت لە ئاوازو ئاوازدانانادا.. هەروەها لە گۆرانی گوتندا... ئەمەش بوە هۆی زۆر ڕێگەو هەوڵ لە کاری گۆرانی گوتندا.. گۆرانیبێژی کوردی لە توانای دا بوو بە چەندن شێوازو جۆر گۆرانی و مۆسیقاکەی جوان بکات بە ئارەزوی خۆی .. ئەمەش گۆرانیبێژانی کوردی گەیاندە چڵە پۆپە و پەیژەی گوتنی گەیاندە پایەکی زۆر بەرز کە جێی سەرسامی بوو.. لە مێژوی گۆرانی کوردیدا بەوە ناسراو بو هێزو تواناو ڕەنگاو ڕەنگی ئەدای باشی تێدایە و ئامێری مۆسیقاشی بەرجەستەکراوە لەم بوارەدا. بەڵام ناوچەی باکوری عێراق لە دێر زەمانەوە بەوە ناسراوە مەڵبەندێکی تیپ وگروپە سۆفی گەرەکان بووە. لە دیار ترین مەڵبەندی کلێسەی مەسیحی ڕۆژهەڵاتی لە هەموو لایەکی دونیاوە .. لەو ناوچە شاخاویە گۆرانی کوردی تاک بڵاو دەبێتەوە کە ئامێری مۆسیقای لەگەڵدا ئاوەڵ نەبووە لەوانەش بەشی گوتنی کوردی لە (حەیران) دەردەکەوێ لە ناوچەی سۆران ئەویش گوتنێکی گێڕانەوەی جوامێری و ئازایەتیە .. هەروەها (لاوک) بە پلەیەکی بەرزی دەنگ دەگوترێ. زۆر خۆش و گەرمو گوڕی تێدایەو بواری گۆڕانکاری ئاوازو دەنگی تێدایە. هەروەها گوتنی (قەتار) و (ئەلڵاوەیسی) و (خورشید)ی . ئەوانەش بە (مەقامات) ناسراون. هەروەها هەندێ گوتنی میللی هەیە پێی دەگوترێ ((هۆرە)) ئەوەش یە قوڕگ دەگوترێ و ئەنجام دەدرێ. هەروەها گوتنێکی تریش هەیە پێ ی دەڵێن : (شێخانی) جۆرێکە لە گوتنی میللی. گیانی سۆفی گەری ئاینی تێدایە... گۆرانی کوردی هەرەکو هەموو گۆرانی میللەتانی ڕۆژهەڵات زۆر کاریگەرە بە جوانکاری و ئارایشی هونەری.. ئەویش بۆ ختوکەدانی هەست و نەستو ڕاکێشانی سەرنج و گوێ گرتن.. لە

دەست پێکی سەرەتای سەدەی بیستەم بە تایبەت. لەبەر ئەوەی گۆرانی کوردی تێکەڵاویەکی زۆر هەبوە لەگەڵ گۆرانی عەرەبی (نوسەر)... گۆرانی کوردی دەستی کرد بە نوێ بونەوەی هونەری بە گشتی لە ڕێگەی هاوکێشەیەکی دیار لە نێوان دەق و ئاواز . ئینجا خستنە گەڕی ئامێری مۆسیقای فودار لە جۆرەکانی (نای) کە هەردوو سەری کراوەیە . (نای — بلوێر — شمشاڵ) هەروەها جۆرێکی تریش هەیە (پیکی) هەیە یاخود دووپیک . وە زوڕناو دوزەڵە. ئەوانەش چەند جۆرێکن خۆشی و جۆش و خرۆش بە دەرون دەبەخشن.. لە ژینگەی زۆر لەبارو هەستیاری گۆرانی بێژی کوردی (حەسەن جەزراوی) بە دیار کەوتو سەری هەڵدا. ئەو کەسەی دەتوانین ناوی بنێین (گوبانچی کورد) (نوسەر) وەکو ئاماژەیەک بۆ هونەرمەندو مەقام زانی عەرەبی عیراقی گەورە (محەمەد گوبانچی) چونکە حەسەن جەزراوی تا ڕادەیەکی زۆر یاساو ئوسوڵی لە مەقاماتی عێراقی پێشکەوتوو ئەزبەرکرد. هێزی دەنگ و قووڵی دەربڕینی زۆر یارمەتیدەرو هاوکار بو لەم بوارەدا. بەتایبەتیش هونەرەکەی هەڵگوتن بو بەسروشتو ئاوێتەی هەڵگێرانەوەی نیگارو وێنەکانی سروشت بوون بە ڕیتم و ئاوازەوە... هونەری کوردی بە گشتی لەو خەسلەتە بێبەش نیە .. دەتوانین بڵێین ئەو تایبەتمەندیەی (حەسەن جەزراوی) پشت بەستنە بە بەکار هێنانی ووشە بە ئازادی و گۆڕانکاری پارچەکان بۆ زیاتر کاریگەری ئاواز ... هێزی دەنگەکەی زۆر یارمەتی دا لە و ڕووەوە... لە راستی دا هیچ کام لە گۆرانیبێژانی کورد ئەو ئامادەییەی نەبوو وەک ( حەسەن جەزراوی) لەم بوارەدا چونکە ئەو هونەرمەندە لەڕێگای بەهرەو دەنگە بەسۆزەکەیەوە توانی گوزارو گەشتێک بکات لە ناو مەقام و جۆرەکانی لە هونەری کوردیدا، لە پال ئاهەنگە میللیەکانیدا.. گوزارشت بوو لەو ژینگەیەیی تێیدا بە دەردەکەوێت..

هونەری گوتنی کوردی واتا ئاوازی رەسەن و واتا وێنەیەک لە ژینگەو فەرهەنگی میللی کە زۆر گەشەی کرد لە ناوچەی کوردەواری گۆرانی کوردی تاکو ئێستاش هونەری کارتێکردنە ، چونەکە دەربڕینی گواستنەوەیە لە هەڵکەوت بۆ بەرخودان . لە ئارەزوو بۆ ڕامان و تێفکرین. تێفکرین لە پێویستیەکانی مێژوی کورد. لە گیان و فەرهەنگ و زەمان .. بەو جۆرە ( حەسەن جەزراوی) توانی پشت ئەستور بێت بە گۆرانی کوردی و دابو نەریتو هونەری کوردی . چونکە پێناسەو بوونی خۆی بوو .. هونەری میللی کوردیش هەردەم گوزارشت بووە لە بوونی خۆی . ئاوازی جوانی لە گوێماندا چرپاندووە. چونکە بە شێوازو مۆرکی

کلاسیکی ئاسان و سادە گەشەی کردوە . گیانی حەماسەت و دەربڕینی رون لە ئاوازو گۆرانی کوردیدا بەدی دەکرێت لە دێر زەمانەوە .. هەروەها لە نێوان شادی و خۆشی و پەژارەدا. ڕاستگۆیی دەربڕینی بریتی بوە لە جوانکاری گوتنی دورو درێژ کاتێک دەکەوتە حالەتی سەرپێی (ارتجال) لە گوتندا وەگەڕان بە ناو مەقامەکاندا لە یەکێک بۆ یەکێکی تر... وەک زاناو بلیمەتیک لەم بوارەدا. بۆیە بە ناخی گوێگرانیدا چوە خوارەوە بەو بەهرە خۆڕسکەی خوا پێیدابوو.. بە هەڵبژاردنی ئاوازی جوان جوان و کاریگەرو دەنگە قەبە بەسۆزو گەرم و گوڕەکەی بێ ئەوەی هەست بکا. بێ ماندو بوون لە بەرزی و نزمی و گەڕان بە ناو بیابان و دەریای هونەری گوتندا.. ئەو هەموو ئەدا جوانەی لە گوتندا بەرجەستە کرد بوو لە ڕێگەی بەهرەکەی و دانیشتنە زۆرەکانی ناو مەجلیس و کۆڕی گۆرانی گوتندا لەگەڵ بەناوبانگ ترین گۆرانی بێژانی سەردەمی خۆی .. گرنگ ئەوەیە مۆسیقای کوردی مەقام و ئاوازە بە شێوەیەکی گشتی و تایبەت . چونکە پەیژەکانی سوکەڵە بەرجەستە دەکات یاخود پەیژە سروشتیەکان . بۆیەش لەگەڵ مۆسیقای نەتەوە ڕۆژهەڵاتیەکان یەک دەگرێتەوە لە کۆنەوە، چونکە ئەو مۆسیقایانە هەمویان جگە لە دەنگی تەواو و نیو دەنگ. سێچارەگە دەنگیشی تێدایە .. دەنگی (حەسەن جەزراوی) زۆر بە ئاسانی توانی ئەو دەنگانە بخاتە ژێر بارەوە . جا نرخ و بەهای دەنگی (حەسەن جەزراوی) لەوە دەردەکەوێ کە جوڵەی پێدەکرێ بە شێوەیەکی جوان و ئەدای باش و خۆش لەبەر گوێی گوێگر... پێک هاتوە لە نەغمەو ئاوازی یەک لەدوای یەک لەگەڵ جوانکاری و ئارایشتی دەنگی بە زنجیرە.. ئەگەر پەیژەی عەرەبی دابەشی (٣) جۆری بنەڕەتی دەبێ ئەوەش (بەهێز — بنەڕەت و شێوە ڕەنگ) .دەبینین گۆیندە بێژانی کورد و عەرەب پێکەوە ئەو بەشانەیان بەکار هێناوە بە بێ جیاوازی .. جۆرەکان تێکەڵاو دەکەن و گۆڕانکاری دەنگی بەکار دێنن.. نمونەشمان بۆ ئەوە ئەو تێکچڕانە جۆر بەجۆرەیە لە پەیژەکان وای کردوە گۆرانیەکانیان پایەکی تایبەتی هەبێت زۆر پابەند نەبێت بە زانست ، بەڵکو پابەند بێت بە چێژ و زەوق .

(حەسەن جەزراوی) لە گوتندا هەموو پلەکانی دەنگی لە ناو قوڕگە بەهێزەکەی بەکار دەهێنا .. چونکە حەزی لە گۆرانی گوتنی درێژ بوو، دەکەوتە ناو دەریایەکی قوڵی گوتن. بە بەکارهێنانی ڕتمی جوانکاری ئازاد کە تەنها ئامێرێک لە گەڵیدا هاوکار دەبوو وەکو ئامێری (نای . یاخود ڕەبابە یان تەنبور) . تەنبور ئامێرێکی

ژێداره ژێیەکانی له کانزایه..نووسینەوەی بە گوێرەی پەیژەی (پێنج دەنگیه).
ئەو تیپەی لەگەڵ (حەسەن جەزراوی)دا هاوکار بوایه زۆر له نهێنیەکانی دەنگی ئەو بەهرەمەندەی بۆ ئاشکراو ڕوون دەبووه که چەند کاریگەر بووه . لەبەر ئەوەی ئەو هونەرمەندە لە ژینگەیەکی شاخاوی و چیایی پەروەردە بووه . ئەو ژینگە ڕەنگی داوەتەوەو بەهرەو توانای دەنگی لەبەرزو نزمیدا له چەرخ داوه . لەتیژی زۆر بەرز تاک و گڕی زۆر نزم. پانتایی دەنگی (حەسەن جەزراوی) پانتایەکی زۆر فراوان بوو . سروشت ئەو هێزو توانا دەنگیەی پێ بەخشی بوو جگە له ڕاهێنان و چەرخدانی بەردەوام . ئەوەش بەهایەکی گرنگی هەیە دەیتوانی مەلە بکات لەناو دەریایی ئاوازو دەنگ و ڕیتمدا.. (حەسەن جەزراوی) توانی چی بکات بەو سوپا گەورەی دەنگی ؟؟!
گوێ دەتوانێ جیاوازی و جیاکاری بکات له نێوان جوانی و بەهای دەنگ و تواناکانی . بێ ئەوەی هیچ شتێک بزانێ له زانستی دەنگ و مۆسیقا . بەڵام ئیشەکه لێرەدا جیایه ئەگەر بتەوێ بۆ مێژوو بنووسی. چونکه دەنگێکی وەک (حەسەن جەزراوی) بێگومان هێزێکی تێدا بوو گوێی گوێگر وەری دەگرت بە خۆشی و ئارامی.. دەنگێک بوو له دەنگه چالاک و جوانەکانی گۆرانی کوردی دەنگی جەزراوی هەندێ گڕی تێکەوتبوو کاتی بەرزبونەوە و نزمی ئەویش لەبەر دوو هۆ:
یەکەمیان : به هۆی ئەو هیلاکی و ماندو بوونەی له ژیانیدا تێیکەوتبوو .
دووەمیان: هۆکاری زەمان و تەمەن که (حەسەن جەزراوی) شەکەت کردبوو. بە ناچاریش هەر ملی دابووه گۆرانی گوتن تا کۆتایی ژیانی.. نرخ و بەهای دەنگی (حەسەن جەزراوی) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پانتاییه زۆرەی هەیبوو . به ڕاکێشانی سەرنج بۆ خۆی جەزراوی ناوی دەرکرد . ئەگەر چی تاکۆتایی ئەو دەنگه وەک خۆی نەمایەوە. زۆری تەمەنی پێوە دیار بوو. زۆر گوتن و هیلاکی وای لێکرد بوو دەنگی لاویەتی و گەنجیەتی نەمێنێ ، بۆیه تا ڕادەیەک داکەوت. دوای ئەویش هەندێک له گۆرانیبێژانی تازه دەردەکەوتن. لەبەر ئەوەش (حەسەن جەزراوی) هەندێک خۆی حەشارداو کەم دەردەکەوت لەگەڵ ئەوەشدا که گوتنی دەگوت زۆر له لاوه تازه پێگەیشتوەکان نەیان دەتوانی خۆیان له قەرەی بدەن.
مێژوو شوێنێکی شیاو بۆ گۆرانی بێژ(حەسەن جەزراوی) دیاری دەکات...

# عەلی مەردان
## (شایەدی راستەقینەی رەسەنی گوتنی کوردی)

ناوی پڕشنگدار لە گۆرانی کوردیدا زۆرن.. بەڵام وا پێویست دەکات لە سەرمان بڵێین : ئەو ناوانەی چاکسازی و داهێنانیان کرد لە گوتن و دەربڕیندا. لەوانەیە ناوی دیاری هونەرمەندی کورد (عەلی مەردان) لە پێشەوەی ئەو دەستەیە بێت کە داهێنانی هونەریان لە گوتن و ئەدا ئەنجامدا.. هونەرمەند (عەلی مەردان) لە ساڵی (١٩١٢)ز لە دایک بووە لە دەڤەری گەرمەسێر... لە پاڵ شارەزایەکەی لە دەنگو توانای هەست و نەستی لە بەدوا داچونی بەشەکانی ئاواز و بەرجەستەکردنی بۆ پێشەکی گۆرانی کوردی .ئەبێ بڵێین ئەو خاوەنی قوڕگێکی بەتوانا بو دەیتوانی بە شارەزایی و زرنگیەوە جۆرەکانی ئاواز و گوتن لە مەقاماتی عیراقی و تورکی و کوردی ئەدا بکات .. جیاوازی زمان لەنێوان ئەو زمانانە ئاستەنگە هەموو قوڕگێک ئەو توانایەی هەبێت ئەو ئاوازانەی لە قوڕگەکەوە دەردەچێت بە باشی پارێزگاری لێبکات لە بەرزی و نزمی و گڕی چونکە دەنگی وشە لە زمانێکەوە بۆ زمانێک دەگۆڕێ. وەک لە عەرەبیەوە بۆ زمانێکی تر یاخود لە هەر زمانێکیترەوە بۆ کوردی....تاد

بەڵام هونەرمەند (عەلی مەردان) توانی ئەو کارە بەرجەستە بکات بە هۆی قوڕگە بە هێزەکەیەوە و لە هەرسێ ماندا (نوتق) و گۆ بە ڕێژەیەکی باش دابین بکات لە گوتندا ... پرسیارێک لێرە خۆی هەڵدەدا لەناو باسەکەمان .. چۆن هونەرمەندێکی وەک (عەلی مەردان) توانی بگاتە ئەو ڕادەو پلە هەر بە خۆی.؟؟!

سەرسامیمان درێژە ناکێشێ لە وەڵام دانەوە بۆ ئەم پرسیارەو دەڵێین : هونەرمەند (عەلی مەردان) توانی سوود وەربگرێ بە ڕێژەیەکی زۆر لەو گۆرانکاریە ئاوازانەی لە ناو (نۆتەی) مەقاماتی کوردی و عەرەبی وتورکیدا هەیە.. زۆریش نەچێتە ناو قالب و داڕشتنێک کاریگەر بێ بە سەریدا مۆرکی راستینەی خۆی تێک بدا. بەڵکو پێشی خست .. بێگومان تێگەیشتنی کاری راستینەی هونەری گوتن ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ هونەرمەند (عەلی مەردان) بە پرۆگرامێکی راست و دروست لە قوڵ بونەوە و بە ناخ دا چونو لێک نزیک بوونەوە لە هەموو داڕشتنە جۆراو جۆرەکانی گوتن. هەوڵدان بۆ ئاوێتە بوونی پێشکەوتن لە سنورێکی پێگەیشتوو.. بەو هۆیە توانی لە ئسلوبی گوتنی

مەقاماتی تورکی و جۆرەکانی بگات. هەروەها گوتنی مەقاماتی کوردی ... لەوانەشە لە دروست کردنی باڵە خانەی گوتندا تا ڕادەیەک بەیەک بگەن . لەبەشە نادیارەکانی ئاوازەکان بەباشی سەر دەربکات.. شرۆڤەکردنی ئاقڵانە بۆ گیانی گوتن لە ڕۆژ هەڵات دەمانگەیەنێتە ئەو راستیە و دەرخستەی ئەزمونەکانی دەنگ و ئاوازی نوێ بابەت.. لەوانەیە پێشتر زانراو نەبوبیت . بەڵام جوان بەخشینی هەردەم پارێزگاری لە خۆی دەکات بە ئاشکرا . ئەمەش مەبەست و داوایە پارێزگاری لە خۆی دەکات بە ئاشکرا. ئەوەش مەبەست و داوایە.... لەبەر ئەوەی (عەلی مەردان) بەدوا داچوونی بۆ مەقامەکانی کردبوو لە ژینگەو مێژوو بە تایبەت. ئەوەش هاوکارێکی باش بوو بۆی بۆ ڕاست و ڕەوانی دوان و بێشتن و ئەدا بە جێهێنان لە مەقاماتی جۆراو جۆر بە زمانەکانی عەرەبی کوردی و تورکی... ئەگەر چاوپۆشیمان لە لایەکی کەمی ئەو کێشەیە کرد لە بواری بەجێهێنان و (ئەدا) تێگەیشتنەوە... هەوڵدان بۆ دیتن و ناسینی ڕوخساری هونەری گوتن سەرسام دەبین کە زۆربەی گۆیندەو گوێگر گرنگی نادەن بەو لایەنە لە ڕووی پێکهاتەی ئاواز و نەغمەو دەنگ و ئاخاوتن (نگق). ئەوەی زۆر پێویستە لە گوتندا .. دەبینین ڕاستەو خۆ ئەو چاکسازیە کاریگەری دەبێ چونکە واتاو مانای جوانی دەپارێزێ لە گوتندا. گۆرانی گوتن بە ڕاستەڕێیەک دا ڕۆیشتووە یەکسەر لەگەڵ خەڵکدا دەدوێ بە ڕەنگ و مانای وا لێی تێدەگەن و هەست و نەستی خۆیان تێدا دەبیننەوە . ئەوەش هەوڵ دەدا ئاسۆی خەیاڵی ئەوان بەرزو باڵا بکا لە گوتندا بە تازەترین شێوە بێشک خۆی دەکەوتە ناو بیرو هۆشی خەڵک بە گشتی.... ئەمەش بوو هونەرمەند (عەلی مەردان) هەوڵی بۆ دەدا جا چ بە ئاگاو بەرنامە یاخود بێ بەرنامە و خۆ ڕسک .. گرنگ گۆرانی گوتن لە قورگی ئەو پیاوە هونەرمەندە بە ئاراستەیەکدا تێپەڕ بوو ئەبێ هەر شاباشی بۆ بکەین . چونکە ئاراستەیەک بو لەگەڵ ئەو ڕێڕەوەدا ڕێی دەکرد کە گوتنی پێ باڵا دەبوو بۆ کۆمەڵ. بۆ چێژی کۆمەڵگە..هونەرمەند (عەلی مەردان) تێگەیشتبوو مەقام شتێکە لە دوای یەکدا هاتنی ئاوازەکان و ڕتم. هەروەها زانی هەندێ لە مەقامات دەگۆڕدرێ لە پێکهاتەی بۆ یەکێکی تر لە ئەدا کردندا. وەکو مەقامی (بەهێرزاوی) و (حەکیمی) و (ئیبراهیمی) و.....تاد . جا کە بەزمانی تورکی دەگوترێ ڕنگ و شێوەیەکی تر وەردەگرێ جیا لەوەی بە مەقامی عێراقی بگوترێ.. بۆیە (عەلی مەردان) ئەبوایە ئەو گوتنانە بەشێوازێکی سروشتی هاتووی خۆی لە دەربڕیندا

پێشکەش بکات ..دەتوانین بڵێین (عەلی مەردان) ویستی مەقاماتی عێراقی بە چەند زمانێکی جیا جیا وەک کوردی و تورکی و عەرەبی بڵێت و ڕوو لە نوێ بونەوەو جۆراو جۆر بکات بە گوێرەی تواناو ڕەوشتی گونجاوی. ئەگەر گوێ بگرین لە تۆمارەکانی بۆ نموونە لە مەقامی (سێگا) سەرسام دەبین بەو توانایەی لە نوتق (گۆ) کردنەوەی هەیبوو، توانای لە جولوە پێکردنی زمان بۆ گوتن بە گوێرەی لەبزو وشە... دیارە مەقامی سێگاش بەشێوەیەک دەگوترێ لە دەرچوون و مەیانەو پارچەکان لە زمانی عەرەبی و کوردی و تورکی . بەڵام ئەگەر بمانەوێ بەزمانێکی تری ڕۆژهەڵاتی بیڵێین. کتوپڕ تووشی گۆڕانکاری دەبین لە دوای یەکهاتنی ئەدای گوتن . لەگەڵ ئەوەش هونەرمەند (عەلی مەردان) زانیاریەکی تەواوی هەبوو لە هونەری مەقاماتی عیراقی .. هەموو مەقامە کوردیەکانی چڕیووە . ئەوانەش کە بەزمانی عەرەبی نەگوتراون. جا ئەو کەسەی بیەوێ ئەو کەلەپوورە زیندوو بکاتەوە کە هونەرمەند (عەلی مەردان) بەجێی هێشتووە دەبینێ هیچ مەقامێک نەماوە (عەلی مەردان) نەی گوتبێ بە توانایەکی ئێجگار سەرسوڕهێنەر لە ئەداو باش گوتن. دەقاو دەق وەک کەلەپوور.. ئەو مەقامانە لە قورگەکەی وەک رووبار دەردەچوو بە مۆرکە ڕاستەقینەکەی کە هەبوو. ئەو مەقامانەی (عەلی مەردان) تۆماری کردون وەک (ئەللاوەیسی) و (خاوکەر) و (خورشیدی) و (ئای ئای) و (حەیران و لاوک) .. هونەرمەند (عەلی مەردان)هەر بەوەندە نەوەستاوە بەڵکو هەوڵی زۆری داوە ئەو مەقامانە فێری هەندێ لە مەقامبێژانی عێراقی بکات. بەڵام لەو هەوڵەی سەرکەوتوو نەبوو چونکە ئەو هونەرمەندانە نەیان توانی ببنە شارەزا لەم ڕووەوە.. زۆربەمان سەرسام دەبین ئەگەر بزانین زۆر لەو مەقام بێژانە سەرکەوتوو نەبوون . یەک لەوانەی لە ڕاهێنان کەوتن لە گۆرانی بێژی عێراقی گەورە (ڕەشید قۆندەرچی) بوو. هەندێ ئەوانەی لە دەرسەکانی (عەلی مەردان) ئامادە بوو مەقام بێژی عیراقی (مەجید ڕەشید)یش بوو. هونەرمەندی کورد (عەلی مەردان) ئەوەی پێشکەشی کرد بە یادگاریەکی جوان و بایەخدار دەمێنێتەوە لە بیرو هۆشماندا چونکە هەوڵیدا لە ڕێگەی گەلێک وانەو ئەزموونی هونەرەکەی شتێکی بە نرخ بێنێتە کایەوە لە گۆرانی کوردیوە ، ڕێگە سەختەکان ئاسان بکات و بە ئاراستەیەکی پێشکەوتن و ڕوناک پاڵی پێوە بنێ. ئەو هونەرمەندە نزیکەی (٦٠) شەست قەوانی تۆمارکرد لە مەقام و گۆرانی بە زمانی کوردی و تورکی . بەڵام لە مەقاماتی عیراقی بۆ

ئێسگەی بەغدا هەندێکی زۆری تۆمارکرد بەزمانی عەرەبی بەڵام لەسەر قەوان نا.(نوسەر)... هەردەم بەدوای شێوەو ڕێگە ڕەسەنەکانی مەقاماتدا دەگەڕا . لە نێوان مەقامبێژانی کۆن لەو سەدەیە (سەدەی بیست) وەک (ئەحمەد ناسر) (خدر بەهرام). ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هونەرمەندی کورد (عەلی مەردان) سەرکەوتنێکی باش وەدەست بێنێ کە ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ دۆزینەوەی کلیل و بنەماکانی گوتن بە چەند زمانێک. خۆشی هەر ڕۆڵەی ژینگەیەک بوو هونەری گوتن و ئەدا کردنی لەو ژینگە بۆماوەو پێوەی کاریگەر بوو. ئەمەش ڕۆڵەکانی سەردەمی خۆی وای لێکرد پێش بکەون لە ڕوی زانست و تێگەیشتنوو ئەدای مەقام و گۆرانی.. سروشتی چیایی تواناو بەهرەی ئەو هونەرمەندەی وا لە چەرخدا بوو بۆ چڕینی مەقاماتی بەرز لە جوابە زەنگوڵدارەکان. هەتا پیریش هێزو توندو تۆڵی ژێیەکانی دەنگی کاریتێنەکرد. چونکە دەزانین تەمەنی درێژی و پیری پەیژەکانی دەنگ دەگۆڕێ و نزم دەکاتەوە و گڕی و بێ هێزی لێ پەیدا دەکات .. بەڵام جوانی دەنگی ئەو تا ڕادەیەک وەک خۆی مایەوە.. هونەری کوردی بە زۆر قۆناغی کاریگەر تێپەڕیووە. نیشانەی ئەزموون و شارەزایی پێوە دیار بووە... توانیویەتی لەم ڕێگەیەدا دەنگ دانەوەک بێت لەو ژینگە و سروشتی دەوروبەری گەشەی کردوە لێی .. لەبەر ئەوەی هونەرمەند (عەلی مەردان) لە زۆربەی دەنگ و توانا کوردیەکان توندو تۆڵتر بووە بە گیان و مۆرکی کوردی بەو بەرهەم و کارانەی پێشکەشی کردوەو تۆماری کردوە.. چونکە ئەو زیاتر لەسەر ڕێو ڕەسمی ئەوانەی پێش خۆی لە گوتندا ڕۆیشتووە... زۆری لەوان وەرگرتووە و پارێزگاری لە ڕۆحیەت و مۆرک و گیانی ئەو گوتنە کوردیە کردوە... ساڵەکان ڕۆیشتن .هونەرمەند (عەلی مەردان) کۆچی دوایی کرد. تاکو ئێستاش کەسێک لە ڕۆڵەکانی ئەو سەردەمە نەیان توانیووە جێگاو شوێنی ئەو بگرێتەوە.. چونکە (عەلی مەردان) تەنها بەهرەیەکی دەنگی نەبوو . بەڵکو ئەو توانایەکی زانیاری بوو لە ئسول و چۆنیەتی هونەری گوتن و ئەداو وورد بین لە کێش و ڕتمە جیا جیاکان و وە شیکردنەوەو شرۆڤەکردنی مەقامەکان. لەگەڵ شارەزایی باشیشی لە مەیدانی گوتنی تورکی و عەرەبی و کوردی... ئەمەش لە هەموو هونەرمەندێک نایەتە دی بە ئاسانی .. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین هونەرمەند (عەلی مەردان) بەڵگەو شایەدێکی گرنگە بۆ ڕەسەنی هونەری گۆرانی کوردی لە بەردەوامی و پێکهاتنی چێژ تا دوا ڕۆژ....

## ڕەسول گەردی

# هونەرمەندی مەزنی میللی لە گوتندا

گۆرانی کوردی مەبەستمان تایبەت ئەوانەی ئەسلی و کۆنن. زۆر نزیکن لە گۆرانی عەرەبی لە ڕووی ڕتم، بەراورد لەگەڵ زۆربەی وڵات و مەملەکەتی عەرەبدا... بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەبینین گۆرانی کوردی تایبەتمەندی و گۆڕانی کاریگەری هەیە لە ڕوخسار و بنەڕەتدا.. تایبەتمەندیەکەی خۆی لە ڕوی ئاواز و ڕتمەوە هەروەها لە پەیژەو داڕشتنەوە لە هونەری کۆنی سەردەمی دێرین و زوو وەردەگرێ. لە دروست بونی باری شارستانی پێشوی کوردەکان ... ئەگەرچی لەم جیاوازیەش وردە وردە بەسەر دەچێ لە پێشکەوتنی ڕەوشو باری مرۆڤایەتی و تێکەڵاو بونی ژیانی لادێ و شار... وەرزی نوێ دێتە کایەوە لە پێش وەچوون.... ئەگەر بمانەوێ هەڵسەنگاند ن و شیکردنەوەی ڕاستی هونەری گوتنی کوردی بکەین لەم سەردەمە دا. دەبینین وێک چونێکی گەورە لە نێوان گۆرانی کوردی سەردەم و شێوەکانی عەرەبیدا هەیە لە ڕوی پەردەو نێوانەکانی مۆسیقا، تا ڕادەیەک نیمچە درێژ یاخود نزیک بونەوەیەک دەبینین لە گۆرانیە سوکەڵەکاندا وەکو دەستپێک (المذهب) ئەوەی تاکە دەنگ یاخود بە کۆمەڵ وەک (کۆپلە) دەگوترێ . گرنگ پەیڕەوی ئاوازی سەردەمی گۆرانی ئێستای کوردی لەگەڵ گۆرانی عەرەبی وێکچوونێک هەیە .. بەڵام ئەوەی دەبێ بگوترێ : گۆرانی کوردی هەنگاوی باشی ناوە بۆ خۆی کە جیاوازیەکی باشیشی هەیە لەگەڵ ئەو شێوازانەی تری دەورو بەر ،چونکە پەیوەندیەک و دەربڕینێکی بە هێزی لەگەڵ ژینگەی کوردی هەیە.. دەتوانین بڵێین گۆرانی بێژی گەورەی کورد ڕەسول گەردی یەک لەو ڕوە پڕشنگدارانەی هونەری گۆرانی کوردە لەسەر دەمی پێش نوێ بوونەوە.. گۆرانی بێژ ڕەسول گەردی لە شاری هەولێر لە ساڵی (١٩٠١) ز لە دایکبووە. هەر لە منداڵیەوە ئارەزووی لە گۆرانی گوتن بووە و بە سەداو بە پەرۆشەوە ئامادەی کۆڕی گۆیندە بێژان بووە. بەسەر شانۆکەتوە بە گۆرانی گوتن لەو کاتەی تەمەنی لە (١٠) ساڵی تێپەڕی نەکردوە.... کاریگەر بوە بەو گۆرانی بێژانەی وەختی خۆی لەسەر عەرشو پایەی گۆرانی کوردی بوون.. زۆری لە مەقامات و گۆرانی گوتن ئەز بەرکردووە. فێری چۆنیەتی دەربڕینی گوتن بووە. بە هەموو هێزێکیەوە هەوڵی دەدا شتێک فێر بێ و گۆرانیەکی وون بوو زیندوو بکاتەوە....هەوڵیدەدا لەسەر ڕێو شوێنی گەورە گۆیندەکان بڕوا لە پەیڕەوی گوتن و ئاواز ، ئەو پەیڕەوەی ژمارەی بڕگەو دێڕە شعرەکانی دیار دەکرد لە پاڵ پەیڕەوی چۆنیەتی لەدوا یەک هاتنی

سەروا شیعرەکان. بۆیە ئەو گۆرانیبێژە چالاک بوو لە قوڵکردنەوەو خەستکردنەوەی جۆرو شێوە گوتنەوەکانی بەو بەهرە خۆرسکەی خوا پێی بەخشیبوو...تواناکەی لە هێزی دەنگ و گەرم و گوڕی و رەنگاو ڕەنگی دەنگەکەی دەردەکەوت. لە پاڵ ئەوەی توانای گوتنی راستەو خۆی هەبوو لەگەڵ دەر بڕینێکی رونوو ئاشکرا و بێگەرد بە هاوڕێیەتی ئامێرەکانی مۆسیقا... رەسول گەردی پەیڕەوی یاسای پلەی چوار دەنگی دەرکرد بەناوی (تترا کۆرد) لە گوتندا..هەر لە خۆرسکیەوە ئەو فێر بوو کە چۆن پابەند بێت بە پەیڕەوی هونەری . بۆیە ڕوەو بەکار هێنانی پەیژەی ڕۆژهەڵاتی هەنگاوی هەڵنا ئەو کاتە لە ساڵی (١٩٣٠) ز ئەو شێوە بەر بڵاو بوو.. بریتی بوو لە (٢٤) ڕەهەندی چالاکی ... ئەوەش ئاسانکاری بو بۆ داڕشتن و جێ بە جێکردنی ئاوازە کوردیەکان لەسەر ئامێرە مۆسیقاییەکان.....لەگەڵ ئەوەش دەنگی تەواو و نیو دەنگیشی بەکار دەهێنا . گەرچی ((رەسول گەردی)) هەندێ جیاوازیشی هەبوو لە بەکارهێنانی چارەگە دەنگ بەرامبەر ئەو پەیڕەوەی لە دەوڵەتە عەرەبیەکان بەکار دەهات . چونکە ئەو ئاوازانەی شتێکی لێک نزیکە نەک پێوانەیەکی زۆر وردوو تەواو.. رەسول گەردی هەوڵیدا گۆرانیەکانی دەربڕینێک و گوزارشت لە سروشت و ژینگەی دەوروبەری کوردەواری خۆی بکات.. لەگەڵ گوتندا هەندێجار (رەبابەی) بەکارهێناوە. ئەو ئامێرە لە سندوقێکی خڕ پێکدێت. پێستێکی بزنی ئاژەڵی لەسەر چەسپ دەکرێ تاکو لەسەر ئەویش هەندێ (ژێ)ی لێ ببەسترێ.. ژمارەیان لە چوار(٤)ژێ تێپەڕ ناکات. لەکاتی ژەنینی (ڕەبابە) ئەو ئامێرە بەڕێکی راست لەسەر ڕان دادەنرێ. دەنگێکی لێدەردەچێ لە (٨) پلە تێپەڕ ناکات... هەروەها ئەو گۆرانیبێژە ئامێری سەنتوریشی بەکارهێناوە. ئەو ئامێرە بە دار یاخود بڵێین (بەکەوچکی دار) لێدەدرێ ((وەرگێڕ)).. ئەو ئامێرە تاکو ڕادەو مەودای (٣) پەیژە (ئۆکتاڤ) (وەرگێڕ) بڕدەکات...هەروەها ئامێری (تار)یشی بەکار هێناوە (واتا لەگەڵی لێدراوە.. وەرگێڕ) لە (٦) ژێ پێک هاتوە (لەرینەوەیەکی) خۆش و بەسۆزی هەیە.. چوار ژێیەکەی یەکەم دوان دوانن (جووت جووت). دوانەکەی تریش تاک تاک.. ئەو ئامێرە بەتەنهایی لێدەدرێ...هەروەها ئامێری (نای) بەکار هێناوە لە گوتندا.ئەو ئامێرە قەمیشە شەش (٦) کونی لە پێشەوە (لە ڕووی سەرەوە) هەیەو کونێکیشی لە ژێرەوە هەیە پەنجەی گەورەی لەسەردادەنرێت بۆ گۆڕینی دەنگەکان بە گوێرەی مەقام و پلەکان.. ئەو گۆرانی بێژە یەکێک بوو لەوانەی زۆر کاریگەرو سەرسام بوو بەو ئامێرەو زۆر بەکاری دەهێنا لە گوتنە میللیەکانی..لە ئامێرە بەناوبانگو دیارەکانی کە زۆر بەکاردێت لە هونەری گوتنی کوردیدا. عودو قانونە.. چونکە

ئەو دوو ئامێرە کاریگەری و بە هایەکی گرنگی هەیە لە پیت ووشەکۆکانی گوتنی کوردیدا کە شایانی ئەوەیە هەندێ (ڕامان) و تێفکرینی بۆ بکرێت.. ئەگەر چی ئەو دوو ئامێرە بەم دوایانە شوێن و بەهای خۆیان هەندێ کەم کردۆتەوە. بەڵام وادیارە دیسان خۆیەتی و هێزی خۆیان دووبارە دەردەخەنەوە بە نوێ بونەوەو دەرکەوتنەوە لە ناو تیپە مۆسیقایەکانی کوردیدا.. دوای ئەوە هەندێ هونەرمەندو ژەنیاری تازە پێگەیشتوو دەرکەوتن وە لەسەر ڕێو شوێنی گەورە هونەرمەندانی پێشوو و ئێستای خۆیان دەڕۆن.. بەتایبەتیش ئەو شێوە سەنگیەیی رەسول گەردی بەکاری دەهێنێ لە گوتندا. چونکە زۆر جوانکاری و تام و چێژی هونەر و گوتنی کوردی تێدایە دوای ئەو هەموو ساڵە لە گوتن و شارەزایی و ڕاهێنان.. هەندێ لەو شێواز و جوانکاری و ئارایشتانەی لە گۆرانی کوردی و عەرەبی دا هەیە پێیان دەگوترێ هەلهەلەو لەرینەوە کە بەدەنگی خوازراو دەکرێت و دەردەبڕدرێت. هەندێ ڕێگەو شتی تر .. تایبەتمەندی تر لەسەردەمی گۆرانیبێژرەسول گەردی ئەوەیە ڕاستەوخۆ لەسەر پێی (ارتجال) گوتنەو بە شێوەیەکی خۆرسک و زۆر لەگەڵ مۆرکی کوردیش گونجاوە.. هونەرمەندانی کورد چاکسازی پێشدەستیەکی باشیان کردوە لە دانان و پێشخستنی ئاوازو گۆرانی خۆیان .. ئەوەش وا دەست پێدەکات.ڕستەی مۆسیقایەک لە دوای یەک هاتوو بە ئامێری مۆسیقا لێدەدرێ و دواتریش دەربڕین و وشەو گۆرانیەکان لە لایەن گۆرانی بێژەوە بەڕێگەو شێوەی تەریب لەگەڵدا. ئینجا گۆرانیبێژ تاوێک ڕادەوەستێ بۆ هەناسە هەڵکێشان و حەسانەوە تاکو چالاکی و گورج وگۆڵی و وزەی خۆی بپارێزی و دەست پێبکاتەوە..تاد.. دەمانەوێ هەندێ باس لە تایبەت مەندی هونەری دەنگی گۆرانیبێژ رەسول گەردی بکەین. ئەو تایبەت مەندیەی لە ماوەیەکی دوورودرێژ بڕیویەتی لە گوتندا و توانیویەتی مەودایەکی گەورە ببڕێت و سەرنجی زۆر بۆ خۆی ڕاکێشاوە کە چۆن بنچینەکانی گوتنی بەکار هێناوە لە یاساکانی سروشتی دەنگ. بۆیە رەسول گەردی پلەیەکی بڵندی بۆ خۆی داگیرکردوە لە گوتنی گۆرانی کوردیدا لە ناو گۆرانیبێژانی کورد، ئەو یاساو ڕێسایانەشی بەگیانی خۆرسک و تەواو دەستەبەرکردوە. ئەو لە هیچ خوێندنگاو پەیمانگاو قوتابخانەیەکی هونەری نەی خوێندوە.بەڵکو بەدانیشتن لە کۆڕو مەجلیس و ئاهەنگەکان لەگەڵ مۆسیقایانی گۆیندە بێژی بە ئەزموونی سەردەمی خۆی ئەو هونەرە فێربووە.. توانی بە دەنگە بەسۆزو گەرم وگوڕە بەهێزەکەی لە بەرزی و بڵندی و خێرایی و لە سەرخۆیی هەروەکو چیاو کێو و دەشتایەکانی ژینگەکەی گوزارشت بکات.. ئەوەش کاریگەری زۆری هەبو لەسەر ڕێوشوێنی گوتن و کارکردن لە هەست و نەستی بەرامبەرەکەی

بەزیرەکی و شارەزایەکی بێ وێنە .جوانیەکی وا دەبەخشێ بە دەرهێنانی ئاواز و پلە و دووریەکانی دەنگەکان بە دەربڕینێکی ڕێکو پێک و سادە... ڕەسول گەردی لە گوتنیدا گەیشتە پلەی تەواو لە بازنەی چێژ بەخشینی ئاوازو گوتن لە پێکهێنانی پلە دەنگیەکان و شەپۆلیەکانی. لەرینەوەو دەنگ لەدوای دەنگ و پاراستنی یەکیەتی و لە دواهاتنی دەنگەکان بەدوای یەکدا... بەڵام ئەوەی باشتر دەبوو کە بیکردایە لەگەڵ پێشکەوتنی تازەی یاسایی لەدوای یەکهاتنی دەنگەکان بڕۆشتایە. چونکە نوێ بونەوە هۆی پێشکەوتن و گەشەکردنەو ڕێگە نوێیەکانی پێشوو زیاتر سەردەخاو ڕاستی دەکاتەوە و لەگەڵ گیانی سەردەم زیاتر ڕێک دەخرێ بەو مەرجەی یاساو ڕێسای پێویست دەستەبەر بکرێ لە هەرکارێکی هونەری... بۆیە ئەو گۆرانیبێژە زیاتر لەسەر شێوازی ئەوانی کۆن و پێش خۆی دامایەوە لەگەڵ ئەوەش هەست و توانای باشی هەبوو کە دەی توانی لەگەڵ سەردەمی تازەدا بگونجێ و بژێیت... ئەگەر چی ڕەسول گەردی زۆر پابەندی تایبەتمەندی کۆن بوو. بەڵام قوڕگێکی ڕەسەن و بەهێزی هەبوو توانی شێوەو ئاکاری هونەری خۆی بپارێزێ و تواناو سنوری هونەری خۆی بسەپێنێ کە قەت کاڵ نابێتەوەو لە بیرناچێت... بەهەرحال گوتن و ئەدای ئەو هونەرمەندە گۆرانیبێژە کوردە بەرزە شایەدێکی گەورەیە چۆن هونەرمەند توانیویەتی هونەری گەورەکانی پێش خۆی بپارێزێ و شێوە گوتنە جۆراو جۆرەکەیان زیندوو ڕابگرێت......

## سەید عەلی ئەسغەری کوردستان

# شارەزایی و بلیمەتی گۆرانی و گوتنی سەنگین

سروشتی گۆرانی کوردی پێویست بوو ڕوەو کانگەی ژینگەی کوردی بڕوا بەو هەموو مەقام و ئاوازو ڕیتمانەی تێیدایە.. ئەوەش پاڵی بە گۆرانی بێژانی کۆنی کورد نا تاکو پەیوەندی و پەیوەستی گیانی خۆیان بەو ژینگەوە قوڵ بکەنەوە.... چونکە تاکە سەرچاوە بووە ئەوکات بۆ زانین و داڕشتنی تەلارو قالبی گۆرانی کوردی.... گۆرانی کوردی هاژەی هات و هەڵقوڵی لەگەڵ هاژەی تاڤگەکانی کوردستان لەناو قورگی گۆرانیبێژانی دیارو بەتواناو بەهێزی کورد. ئەوانەی لە ئوسولی گوتن و بەرزوو نزمی و دابەزینی دەنگ و پەیژەکانی مۆسیقادا هەبوو... گۆرانیبێژە سەرەتایەکانی کورد بۆیان نەڕەخسا بچنە پەیمانگەکانی هونەری مۆسیقا. چونکە ئەو بارو دۆخەی بەسەر ناوچەکەدا هاتبوو ڕێگەی نەدەدا بتوانن پەیمانگەی هونەری دابمەزرێنن تاکو گرنگی بدات بە هونەرو گۆرانی کوردی . بۆیە زۆربەی گۆرانیبێژانی کورد ڕویان لە ڕێگەی وەرگرتن و گواستنەوەی دەماو دەم و کاریگەریەتی و گۆڕینەوەو فێر بوون لەیەکتر کرد.. ئەوەش کارێکی باشبوو بۆ پاراستن و مانەوەی زۆر لە کەلەپورو بەرهەمی نەتەوەیی گوتنی کوردی...لە دیارترین گۆرانیبێژانی کورد. ئەوانەی سروشتی کوردی فێری کردن چۆن ماناو ئوسولی شوێن کەوتن و ئاراستەو بەشەکان.. ئەو گۆرانیبێژەی بەناو بانگی کورد سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی بوو. ئەو گۆرانیبێژە بە تواناو بالادەستەی ناسراو بوو لە ناو کورد. دوای ئەوەی ئامێری بلندگۆ (مایکرۆفۆن) کۆمەڵگەی کوردی داگیر کرد لە ڕێگەی ئەو ئامێرەوە کوردەکان توانیان گەورە گۆرانیبێژە بەناو بانگەکانیان بناسن.. سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی لە ساڵی (١٨٧٦) ز لەدایک بووە. بە خۆشەویستی و ئارەزوەوە بۆ گۆرانی گەورە بوو و گەشەی کرد. هەوڵیدەدا لە بنەماکان و کانگەی بنەڕەتی ئەو هونەرە هەڵبهێنجێ. ئەوەش وای بۆ رەخساند بەشداری و کاریگەری هەبێت لە دروستکردنی گۆرانی کوردو ڕوبکاتە زانیاری زۆر لە شێوەو ڕەنگەکان و ئاوازو ڕتمەکان .. ناوی ئەو گۆرانیبێژە پەیوەستەو لکاوە بەزۆر پڕشنگدارە میپولۆجیاتە کوردیەکەیان .. ئەوە بنچینەو بنەما هونەری کوردیە. ئەوەی داڕشتنی سروشتی شێوەی کۆمەلایەتی — بێ هەست کردن (لاشعوری) — لە خەیاڵ و هزری هونەری بەڕێگەیەکی هونەریدا..ئەمەش بەگشتی کەرەستەی هونەری کوردیە. چونکە پێشکەوتن ئاستەنگە لەناو کۆمەڵگەیەک پەیوەندی هێندەی ئەفسانە دوور بێت لەگەڵ سروشت. داواش لە هونەرمەند بکرێ

گوتن بلێ دوربێ لە میپولۆجیات... لەم ڕوانگەوە سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی دەستیپێکرد، دورکەوتەوە لە گوتنی گۆرانی سوکەڵە و ڕووکردنە گۆرانی قورس و سەنگین.. جا بۆ ئەوەی ئێمە لە سروشتی هونەرمەندی کوردی بگەین پێویستە لە سەرمان ددان بەوە دابنێین هونەری کوردو ئەفسانە گۆرانیەکانی پەیوەستن بە شێوەی پێشکەوتنی کۆمە لایەتی لە ناوچەکوردیەکانی عێراق، تێگەیشتن و تێڕوانینمان لەم بارە مێژووییە هەندێ گران و سەختە.. هونەری کوردی بنەماکانی لە ئەفسانە کوردیەکان هەڵێنجاوە و بۆتە بنچینە بۆ گوێبیستی ئەو چێژە هونەریە.. گۆرانیبێژی بەڕێز سەید عەلی ئەسغەری کوردستان (بێئەوەی ئاگاداری ئەوە بێت) ئەو هەر لەسەر ساکاری خۆی خووی دایە بەر ئەو هونەرە و بەرهەمی زۆری بە جێهێشت لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی کۆمەڵگەی کوردی.. ئەو پەیوەندی بەڕاستیەک هەبوو ئەویش: نزیکی و پەیوەندی کۆمە لایەتی پێنەگەیشتووی لە سێبەری ئەوەدا دەرکەوتوو پێگەیشت. ناکرێ جارەکی تر دووبارە ببێتەوە..هونەری کوردی لە شوێنکەوتنی ئاراستەکانی میللی کوردیدا هەوێن و تەبیعەتێکی ساحیری و شاعیری هەیە وێنەی نییە. ئەو گۆرانیانەی گوێ وا گۆش دەکەن دوور لە گرژی و قەیرانانەی سەردەم کە تێکچڕانو ئاژاوەی دوور لە جیهانێکی سروشتی دایگرتووە..هەروەک باسمان کرد سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی ڕوویکردە گۆرانی لە بنەماو سەرچاوە ئەسلیکی.ەو بە دوو ئاراستەدا روویتێکرد :

١- کاریگەری پەروەردەیی : یاخود بڵێین کاریگەری کۆمە لایەتی.

٢- لەڕوی نرخ و بەهای هونەر ئەو سەرچاوە رەسەنانەن ..

بەو دوو ئاراستەیە ((سەید عەلی ئەسغەری کوردستان))ی لەسەر ڕێو شوێنی ئەوانەی پێش خۆی ڕەوتی کرد لە فۆلکلۆر... ئەو لە گۆرانیەکانی جەختی لەسەر شێوەی میللی دەکردەوە تاکو ((دڵارام و دڵگیر بیت لەگەڵ گیانو دەرونو ڕەوشتی ئەوا نەدا... جا چۆن وا نابێت کە ئەو گوزارشتی لە دابو نەریتو خوو ڕەوشتی گەلەکەی دەکرد.. ((سەید عەلی ئەسغەری کوردستان)) گۆرانیەکانی بۆ حیسابی کۆمپانیای (بێزافۆن) تۆمارکرد. لەگەڵ ئەو گرۆپە مۆسیقایەدا ڕێککەوت کە لەگەڵیدا ئەیانژەند. وەختێ لەسەر قەوان تۆماری دەکردن.لەو ژەنیارانە ((ئیقبال ئەرز)) و ((قیمەم ملوک و زیری)) ((حوسێن خانی نەکساو)). قەوانەکانی زۆر بڵاو بۆوە.. گوێگرانی کورد ڕویان لە گۆرانیەکانی ئەو هونەرمەندە کرد و کۆر و کۆبونەوەیان بۆ دەکرد و باسی هونەرو شێوەی گوتنیان دەکرد... زۆر لە گۆرانیبێژانی دوای ئەو هاتن لاسایی ئەو هونەرمەندەیان دەکردەوە... نرخو بەهای هونەری لە گۆرانیەکانی ((سەید

عەلی ئەسغەری کوردستان))ی بریتیە لە بەرهەمی شیعری میللی و جەماوەری. ئەوەی گوزارشت و بەرهەمی ژیانی جەماوەری کورد بوو... زۆر کەس وەک دەنگی ئەو هەوڵی دەدا گۆرانی بچڕێت و بیڵێتەوە.. لەبەر ئەو هۆیەی میللی گۆرانیەکانی ((سەید عەلی ئەسغەری کوردستان)) بەهایەکی ئێجگار زۆری هەبوو زۆر زیاتر لە زۆر بەی گۆرانیبێژانی تر... ئەو شرۆڤەکردن و ئاماژە پێکردنە لەلامان گرنگە چونکە مێژووی کۆنی زۆربەی میللەتان دەتوانن بزانین و دەستنیشان بکەین لە ڕێگەو میانەی فۆلکلۆری میللیەوە لەبەر ئەوەشە کۆکردنەوەو وانەکردنی فۆلکلۆری کوردی بایەخدارە نەک هەر بۆ هونەری گۆرانی بەڵکو بۆ زانستی مێژوویش ...دەنگی ((سەید عەلی ئەسغەری کوردستان)) زۆر بە هێزو قووڵ لە قورگە زێرینە پڕ سۆزەکەیەوە دەردەچێ.. بەزانیاریەکی بێ پایان لە نەهێنیەکانی گوتن. هەموو توانای خۆی پێ ئەدا لە گوزارشتکردنی گوتن. جا لەبەر ئەوەی توانای گۆڕین و گۆڕانکاری باشی هەبوو لە دەنگەکەی بەسۆزەوە توانی گەڵێک ئاواز و پەناوپێچی ئاوازی قورس لە قورگە بە جۆشەکەی دەربکا کە نرخێکی بێوێنەی هەبوو لە گۆرانیدا .دەکرێ ببێتە دۆسیەکی مێژووی گۆرانی کوردی ناوازە بە ڕەسەنایەتی و پەیوەست بە ژینگەوە. چونکە بنچینەیی بو لە جۆرەکانی گۆرانی کوردی .. ((سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی گەیشتە پایەیەک بۆ چەسپاندن و گۆڕانکاری لە جۆرەکانی گۆرانی کوردی کە دەگەڕێتەوە سەر کەلەپوری کوردی پێش هەموو شتێک. وە بۆ دەوڵەمەندی و نرخ و بەهاکەی .. بەم شێوەیە دەنگی ئەو هونەرمەندە توانی پرۆسەی پێشخستنی گوتن لەسەر ڕێگەیەک دوور لە سادەیی و تەنکاوی بکات .هەروەها پەیوەست بە ڕەنگ و ڕوی گۆرانی کوردی و جۆرە جیاجیاکانی .چ لەڕووی (فۆنەتیک) (زانستی دەنگ. یان مۆرفۆلۆجیا) زانستی پێکهاتەی زمان لەو گۆرانیانەدا.. سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی ئاگادارو وشیار نەبوو بەو سیفاتە گشتیانە لەو داڕشتن و هەڵچواندنەدا. بەڵام خۆڕسکە گۆرانیەکەیوو پەروەردە بوونی ئەو ئامادەکاری بۆ کرد بوو.ئەو لە هیچ پەیمانگەیەکی هونەری مۆسیقا قوتابخانەیەکی گوتن دەرنەچو بوو. بۆمان ڕوون بۆوەو دەرکەوت ((سەید عەلی ئەسغەری کوردستان))ی زۆر وەستاو شارەزا بوو لە تێکهەڵکێش کردنی هۆنراوەی شاعیرە کوردەکان و بەکارهێنانی لە گۆرانیە تاڕادەیەک درێژەکانی ...ئەوەش بۆمان دەسەلمێنێ بەتەواوی ڕەسەنی و جوانی و گوتنی بەمیرات هاتووی کورد. بەتایبەتمەندیەکانی لە شێوەو زمانی میللیەکەی..سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی . گۆرانیەکی لە کۆمپانیایی (بێزافۆن) تۆمارکرد بوو لە هۆنراوەی شاعیری گەورەو بەناو بانگی کوردی (بابا تاهیری

هەمەدانی). ئێزگەی بەغدا هەندێ لە گۆرانیەکانی ئەو هونەرمەندەی پاراست بوو...
بەڵام مەقامەکانی چڕی بوونی بە دەنگە بەسۆز و زوڵاڵەکەی لەسەر ڕێگەو شوێنی
زانراو کە لە پێشدا بە (تەقسیمێک) دەست پێدەکا و بە دەنگی گڕ لە ئاوازدا.
دواتر وردە وردە بەرز دەبێتەوە تاکو پلەی بەرز..ئەو گۆرانیبێژە لە ڕاستیدا لە پیرە
گۆرانیبێژەکانی کورد دەژمێردرێ لە بواری جوانکاری گوتن. دەبینین پارچەیەک لە
مەقامی (دەشت) یا (ئەوشار) دەست پێدەکا و بە جوانی دەچێتە (سێگا). ئەو
ڕێگایەش لە لایەن گۆرانیبێژی عیراقی (ڕەشید قۆندەرچی) و (سەلمان موسکی)
پەیڕەو دەکرا...

## نەسرین شێروانی

گۆرانی بێژ نەسرین شێروانی لە لایەن جەماوەرو گوێگرانی کورد بە (ام کلثوم) ی کورد ناوزەد دەکرا... ئەو پێناسەو نازناوەش وە نەبێ لە خاترو خواستی ئەو یان بۆ ڕێز و دڵنەوایی ئەو بێت .بەڵکو لەبەر دەنگ و ڕێو شوێنی گوتنەکەی بوو، کە جێپێی ئەوی هەڵگرتبوو تاڕادەیەک جگە لە هەندێک جیاوازی .. ئەمەش تایبەتمەندیەکە پەیوەندی بە دروستبوونی دەنگی مەردمەوە هەیە... گۆرانی کوردی بە دەنگی ئافرەتان بە چەند قۆناغێک تێپەڕیووە لە مێژوودا .لەوکاتەی سەکۆی ڕۆژهەڵاتی (التخت الشرقی)، کە میراتی هەموو ئەو گەلانەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لەگەڵ باکوری ئەفریقیاو زۆر وڵاتی تری ئاسیا.. چونکە دەوڵەتانی (بەلقان) ئەو سەردەمە تا ڕادەیەکی زۆر لە کۆت و بەندی ئەو سەکۆ ڕۆژهەڵاتیە ڕزگاریان ببوو چونکە ئەویش ماوەیەک لە مێژوویدا لە ژێر کاریگەری ئەوەدا بوو.. ئەو (سەکۆ) ڕۆژهەڵاتیە ماوەیەکی دوورودرێژ کاریگەری هەبوو لە هونەرو مۆسیقا جۆراو جۆرەکانی ... گرنگ سەکۆو گروپی کوردی بەشێوەیەکی گشتی لەو ئامێرانە پێک دێت...

* عود . گەورە

* عود . بچوک . لەناو گروپدا پێی دەگوترێ (نەشات کار) . لە لایەن عەرەب ئێستا چویتە مۆزەخانەوە...

* قانون : گەورە.

* قانون : بچوک.

نای (شمشاڵ) :بە هۆی ڕێگەکان و تەریقەتی سۆفیگەرانەوە کەوتۆتە نێو گۆرانیەوە . چ لە لایەن کوردەکان یاخود تورکەکان. هەروەها ئەوانی تریش لە گۆرانی ڕۆژهەڵاتی........... * بزق :ئەو ئامێرە بەهۆی قەرەجە کۆچەرەکانەوە هاتووە. پێشتر هەر لە لادیکان بەکار دەهات ،دواتر بەکار هێنانی پێشکەوت لە لوبنان و میسر و تورکیاو ناوچە کوردیەکان . لە ڕوخسارو ژینگەی چیایی گوزارشت دەکا.. جێگای عودی بچوکی گرتۆتەوە چونکە تایبەتمەندی

کاریگەری هەیەو ئاوازەکانی ناوەندی هەیە عودی گەورەو بچوک و قانون.
* ڕتم : دەف و دمبک و چەقەوانە و ئەو شتە بچوکانە دەگرێتەوە...
ئەوەی گۆرانی کوردی چەنگی کەوتوە لە ڕێگای پێدا ڕۆیشتنی بەو قۆناغە جۆراوجۆرانەداو هاوسێیەتی جوگرافی گوتن لەگەڵ عەرەب و تورک و بەلقان و ئاسیایەکی تردا وای لە گۆرانی کوردی کردوە چێژێکی دوو لایەنەی هەبێت لە دوو ڕوەوە ..
١- شیعری میللی کە بنەما کوردیە ڕەوانەکەی و سیفەتی بەرقەراری وەرگرتووە لە زۆر برگەکانی لەفز..
٢- پابەندو گرنگیدان بە شیعری کلاسیکی کوردی سەروادار. لە زنجیرە پێک هاتنێکی لەیەک نزیک یاخود دوور لەیەک بەڵام بەیاسایەکی تایبەتی (گۆ).. ئەو پرسیارەی لێرەدا سەرهەڵدەدا پەیوەندی بە دەنگی نەسرین شێروانی چیە بەوەی لە پێشدا گوتمان...؟!.
لە ڕاستیدا پەیوەندیەکە بەهێزە..دەنگی نەسرین شێروانی ئەگەرچی دەنگی ئافرەتی خۆرسکە، لێرەدا تایبەتمەندە. وەختێک دەبینین وشە زۆر بەڕونی و لەسەر بنەمای دەربڕینی هونەری گۆرانی و لەدوای یەک هاتنیدا بەڕاست و ڕەوانی دێت. قورگەکەی گەرم و گوڕی و بەهێزو ڕەنگاو ڕەنگی تێدایە.. هەروەها بلیمەتی لەسەر پێیی گوتندا (ارتجال) . هیچ گۆرانیبێژەکی تری ئافرەت نای گاتێ.. ئەوەش بێگومان کاریگەری کەش و هەواو ژینگەی شاخاوی و ژیان و کۆمەڵگە تایبەت کاری هەبووە. هەروەکو گۆرانی و مۆسیقای ناوچەی شاخاوی تر.. پێش هەموو شتێک مۆسیقایەکی ناوخۆییە. دەربڕینێکی قوڵ و گیان و ڕۆحی هەیە . ئەوەش سیمای زۆربەی مۆسیقای کوردیە.
نەسرین شێروانی پابەند بوو بە گوتنی هەندێ مەقاماتی عیراقی هەوڵیدا توانای خۆی بەدەربخات لە گۆرانی و گواستنەوە لە نەغمەیەکەوە بۆ نەغمەیەکی تر . هەروەها لە ئەداکردنی باشی و کۆتایی هێنانی گوتنەکە ..چونکە لەو ڕوەوە ڕابردوو دەستپێکی باشی هەبوو.. لەگەڵ ئەوەشدا گۆرانی کوردی لە ڕیتمدا زۆر ڕێک و پێکە.. زۆرجار دەبینین لەگەڵ گوتنا هەڵپەڕکێ و سەمای میللی لە شێوەی شایی کراوە ی بازنەیی دەکرێ... گرینگ: ئێمە لە گوتنی نەسرین

شێروانیدا دەتوانین ڕەچاوی ئاسایی ڕێگەکانی پلەو ئاوازی وابکەین لە ڕستەو بڕگەی بەدوایکداهاتوو. بەڵام ئەو پرسیارە خۆی قووت دەکاتەوە. ئایە ئەو گۆرانبیبێژە توانی بەردەوام بێت لە گوتنی تێکەڵاو و جوولەدارلەو پەڕی بڕشتی تاکو ئەو پەڕی سەنگین و گراندا.؟؟؟!. وەڵام بە (نەخێر)ە. چونکە هۆکارو سەرقاڵی بە بژێوی و ژیان زیاتر بوو لە مەودای هونەرەکەی.. هەروەها هونەرمەندێکی وابوو ڕۆشنبیری هونەری و ئاگاداری پێشکەوتن و گەشەی هونەری تاڕادەیەکی زۆر سنوردار بوو.. هەروەهائەزموونە هونەریەکەی لە قۆناغێکی کورتدا بوو لە ژیانی . ئەو نەیتوانی بەرهەمەکانی هونەری بگوازێتەوە بۆ ئەوانەی ئاگاداروو خەریکی پێشکەوتن و گەشەکردنی هونەرین..لەبەر ئەوە پێویستە بڵێین : هونەرێکی لەم بابەتە پێویستی بە چاودێری و پەروەردەو بەدواداچونێکی زۆرە ئەوەی پەیوەندی بە هونەرو هونەرمەندەوە هەیە .

هونەر شتێکە پێویستی بە پەروەردەو چاودێریەکی تەواو هەیە لە هەموورِوێکی هونەری دەرونی و ڕۆشنبیری و کۆمە لایەتی . جا ئەگەر ئەوانە بۆ نەسرین شێروانی برەخسایە. پێشکەوتنی هونەری مەودایەکی ئێجگار دووری دەبڕی. نەسرین شێروانیگۆرانیبێژێک بوو دەنگی تیژی (سەری) بەکار نەهێنا. ئەوەی بەرز دەبێتەوە بۆ پلەی بڵندو تیژ بەسەر پێ یی و پێش ئەوەی پلەی جەواب کلیلبدا لەو پەیژەیەی بەکاری دێنێ.... ئەو گۆرانیبێژەمان لە ناو سینگەوە گۆرانی دەگوت. ئەوەش بنەمای گۆرانی گوتنی ڕۆژهەڵاتیە لەبەر ئەوە جەماوەری ئێجگار زۆر دیاری هەبوو.. ئاوازی تاک تاکی دەگووت کە ڕستەو بڕگەکانی یەک لەدوای یەکدا دێن و ئاوازەکەی جوڵەدارە..شێوەی گۆرانی قورسی دەگوت چونکە دەنگە فراوانەکەی یارمەتی دەر بوو بۆ ئەم شێوازە. لەبەر ئەوە لە پێشەنگەکانی گۆرانیبێژە ئافرەتەکانی کورد بوو.. بەڵام ڕاوەستانێک بەسەر دەنگی داهات و ژێی دەنگی وردە وردە پەکی کەوت و دواکەوت ئەوەش بەهۆی شەونخونی زۆر و گوتنی ئێجگار زۆر. لەبەر ئەوە ئەستێرەی کزبوو.. چونکە گوتن بریتیە لە بەردەوامی و پێگەیاندن و پارێزگاریکردنی توندو لە چەرخدان و ڕێکخستن.. ئاستەنگ بوو بۆ یەکێکی وەک نەسرین شێروانی بەردەوام بون لە گوتن لەبەر ئەوەی ئەو نەیدەتوانی

ئەو مەرجانە بەجی بهێنێ.. هەروەها گۆرانی گوتن سنگێکی بەهێزو ساف و سەلامەتی گەرەکە. جا چۆن ئەکرێ گۆرانی گوتنێک پێش بکەوێ ئەگەر خاوەنەکەی گیرۆدە و ئاڵودەی جگەرەکێشان بێت.؟؟! جگەرەکێشان سیەکان بێ هێزو لاواز دەکات. توانای کەم دەکاتەوە لە درێژە دانوو هەناسە درێژی.. ئەوکەسەی گوێ بداتە گوتنی نەسرین شێروانی بە دیقەت و سەرنج هەست دەکات گۆڕانێکی گەورە بەسەر دەنگی داهاتووە لە نزم بونەوەو..... چونکە گوتن مرۆڤی ساغ ماندو دەکا جا چۆن ئەبێ لەگەڵ یەکێکی ئاڵودە بوو.؟؟؟! لەبەر ئەوە نەسرین شێروانی قورگە بەنرخەکەی نەپاراست و ڕێزی لێنەگرت.. ئەو قورگەی لەساڵەکانی سەرەتایی گوتندا . ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو(سەدەی بیست) گەیشتە پلەیەکی زۆر گرنگ و دیار.. ئەو وەختەی لەسەرەتای تەمەنی گەنجیەتیدابوو پشتی پێ بەستبوو.. بەڵام هەر ئەوەندە بەس نیە ئەگەربێتوو پەروەردەو ئاگادار نەکرێت و بەرەو پێش نەخرێ... گرنگ : نەسرین شێروانی توانی بۆ ماوەیەکی درێژ دەنگێکی دیار و چالاک بێت لەناو گۆرانیبێژانی ئافرەتی کورد و جەماوەرو هەوادارێکی زۆریش بۆخۆی دەستەبەر بکات و ڕۆڵێکی باشیشی لە هونەری کوردی دا هەبوو.. ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان گۆرانیبێژە ژنەکانی کورد.تەرازوی نەسرین شێروانی زۆر سەنگین ترە لە هی زۆربەیان. چونکە خاوەن دەنگێکی چیایی و پان و فراوان بوو هەروەها زۆریش لە مامۆستا و گۆرانیبێژانی پێش خۆی فێر بوو لە هەموو شێوەکانی گوتن . جا ئەگەر هەندێ زانست و خوێندنی هونەری مۆسیقا و گۆرانی کوردی بخوێندبا ئەوە کاریگەری زۆر گەورەتری دەبوو لەوەی ئیستا هەیەتی .. ئەگەر پسپۆڕێکی بەویژدان لەوانەی گۆرانی کوردی و ڕۆژهەلاتی بنوسێ بێگومان پەنجە درێژ دەکات بۆ ئەو گۆرانیبێژەی هەردەم لەسەر پێ بوو بۆ گوتنی سەنگین و لە پلەی بەرز کە گرانترین بڕگەی گوتنی ئەدا دەکردلە مەقامات و گۆرانی کوردی و (مەوال) بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو باش بیناسن و بیزانن ئەڵێین نەسرین شێروانی بوو..

# مریەم خان و لەرینەوەی دەنگە بەهێزەکەی

مریەم خان گۆرانیێژێکی کۆنی کوردە ، ئەو ساڵانەی کە بەدەرکەوت لەناو هونەری گۆرانی گوتنا. توانی ببێتە پێشەنگی گۆرانیبێژانی ئافرەت بەتایبەت لە بواری گۆرانی گوتنی سەنگین (ثقیل).

پێویستە هەندێک لەسەر ئەم وشەیە بوەستین لە ڕوی هونەریەوە.. گرنگ ترین جیاوازی لە نێوان گۆرانی سوکەڵەو گۆرانی سەنگین لە شێوەی بیستنی ئاوازەکەیە، چونکە گۆرانی سەنگین پابەند نیە بە ئاوازێکی تایبەتەوە یاخود ڕتمێکی تایبەت یاخود شێوەی هۆنراوەکە وەکو گۆرانی سووکەڵە کە جەخت دەکاتە سەر جۆرێک مەقام و تەنها ڕیتمێک. تاکو ئاستەنگێک نەدیترێ لە گوێگرتن لەو جۆرە گۆرانیانە .. بەڵام گۆرانی سەنگین پابەندە بە جووڵانەوەی دەنگەکان و گۆڕانەکانی . لەبەرز بوونەوەو نزم بونەوەو کۆتایی.. مریەم خان ئەو گۆرانیبێژە بوو ئەوانەی بەرجەستە دەکرد کە هەموو دەنگ و قوڕگێک ئەوەی پێناکرێت.. پەیدابونی قەوان و سندوقی لێدان..(گرامەفۆن) کاریگەریەکی زۆری هەبوو بۆ گەشەی گۆرانی و مۆسیقای نوێ.... هەموو ئەوانەی لەو بوارەدا کاریان دەکرد زۆر بە پەرۆشەوە گوێیان لە قەوانەکان دەگرت بۆ پەرەپێدان و گەشەکردنی گۆرانی و مۆسیقایان و گوتن.. هەروەها ئەو قەوانانەی مۆسیقایان لەسەر تۆمارکرابوو بەبێ گۆرانی لە ساڵانی بیستەکان و سیەکانی سەدەی ڕابردوو زۆر بڵاو ببۆوە.. زۆربەیان مۆرکی میسریان پێوە بوو.. چونکە لەو سەردەمانەدا جوڵانەوەیەکی بەهێزی مۆسیقا لە وڵاتی میسر پەیدابوو. لەسەر قەوان تۆماریان دەکرد.. جگە لە گۆرانیش زۆربەی پارچە مۆسیقایەکان تورکی بوون. بەڵام بە ئسلوب و مۆرکێکی میسریان لێدەدا.. ئەو جوڵانەوەش کاریگەری زۆر هەبوو لەسەر مۆسیقای عیراقی بە گشتی..بەم شێوە ڕێگایە زۆربەی سەماعیەکانی گاگیوسەفەندی و عوسمان بەگ و عاسم بەگ تۆمار دەکران.. دوای ئەوەش پارچە مۆسیقای میسری زۆر پەیدا بوون.. کە هونەرمەندی بەناو بانگ (سامی شەوا) کاریگەری زۆری هەبوو بۆ بڵاوکردنەوەیان.زۆر گۆرانی بۆ هونەرمەندان (سەلامە حیجازی. سەید دەرویش.داود حوسنی ومونیرە هدید و صالح عەبدلحەی و زەکی موراد و زەکەریا ئەحمەد و... تۆمارو بڵاو کردەوە. ئەوەش وەک قوتابخانەیەک تەماشا دەکرا لە لایەن خۆشەویستانی گۆرانی و مۆسیقا بە گشتی. مریەم خانش لەو سۆنگەو ژینگەیە وەدەرکەوت لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو تاکو پەنجاکان... گۆرانی کوردی گرنگی دەدابە ئێزگەکانی تورکیاو میسر. لەو کاتانە بەباشی دەبیستران لە عیراق.. دوای ئەوەش هەندێ فلیمی سینەمایی عەرەبی و میسری پەیدا بوون. حەزو ئارەزو بەهێز بوو بۆ دیتنی

ئەو فلیمانە. دەبێ ئەوەش بزانین ئەو فلیمانە شێوە مۆرکێکی گۆرانی و مسیقایان پێوە دیار بوو.. عیراقیەکانیش بە گشتی شەیدای ئەو جۆرە گوتنانە بوون. لەبەر ئەوەش کە ئاسان و سوکەڵە بوون.... ئەو گۆرانی و فلیمانە گەیشتنە دیدو گوێچکەی کوردەکانیش. لە زۆربەی شارەکانی کوردستانیش نیشان دەدران. گۆرانی (محەمەد عەبدولوەهاب و کەلسوم و فەرید ئەترەش و فەتحیە ئەحمەد و عەبدولغەنی سەید و ئەسمەهان و لەیلا موراد و رەجا عەبدە و نور و لهودا و کارم مەحمود...... گەنجانی کوردیش گوێگری ئەو جۆرە گۆرانیانە بوون و کاریگەری بەسەریانەوە هەبوو. بەتایبەت شێوەی داڕشتی گۆرانیەکان و ئەداکردنیان.. بەتایبەت کاتێک هەندێ لە گۆرانیبێژانی عەرەب هاتنە بەغدا و عیراق و دەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی ئاهەنگ گێڕان. ئەوانە کاریگەریان بەگشتی لەسەر عیراقیەکان هەبوو.لەو گۆرانیبێژانە : نەرجس شەوقی . زەکیە جۆرج . نەهاوەند....تاد. هەروەها هەندێ تیپی ڕۆژئاوایی بچوک پەیدا بوون کە هەندێ سەماکارو وەرزش وانی جومبازیان لەگەڵدابوون بۆ ئاهەنگ گێڕان.. وەک باندی کیت کات . مۆلان . رۆج... لەو ژینگەیە مریەم خان بەرز بۆوە لەناو گۆرانی کوردیدا.. بە هەوڵدانێک تاکو توانی سواری ئەو شەپۆڵە نوێیە بێت کە زاڵ بوو بەسەر گۆرانی عیراقیدا.... توانی مامۆستایان و هونەرمەندانی کورد لە خۆی کۆبکاتەوەو ڕێگەو شێوەی گۆرانی گوتنیان لێوە فێر بێت... هەندێ مەقامی کوردی هەن ناتوانرێ بە شێوەو مۆرکی عەرەبی بگوترێن.. بەڵام مەقاماتی عێراقی دەتواندرێ لە لایەن کوردەکانەوە بگۆترێن.. ئەو مەقامە کوردیانە پارێزگاریان لە مۆرک و شێوەی خۆیان کرد. وەک مەقامی ئەللا وەیسی و خاوکەر و خورشیدی و ئای ئای و هیجران و حەیران و لاووک.. ئەو مەقامانە هەندێ دەنگە کوردیەکان ئەدایان دەکرد و ئەیان چڕی وەک (عەلی مەردان و ئەحمەد ناسرو خدر بارام...) جا دەنگی مریەم خانیش ئەوە بوو لەو بنەماو ڕێچکەوە هەنگاو هەڵێنێ و بە گوێچکەی کوردی و عەرەبان ئاشنا بێت.. پێویست بوو لەسەر مریەم خان ئەو شێوە نوێیە لە گۆرانی گوتن بەرجەستە بکا و شارەزایی لێ هەبێت و ئەو دەنگە کوردیە بیت گۆرانیە کوردیەکان لە دەورو پشتی خۆی کۆ بکاتەوەو جۆش و خرۆشی پێ ببەخشێ... ئەگەرچی مەقاماتی عیراقی هەندێ کۆسپ و کێشەی لە لایەن مریەم خان نایەوە .. بەڵام لە دوای ئەو توانی بە هۆی هەوڵی مامۆستاکانی لە گۆرانی کوردیدا.. ئەو خاڵە بەشدار بوەی یەکتر بەستنەوە لە نێوان گۆرانی کوردی و عێراقیدا بەرجەستە بکات و بێتە ناو جەماوەری کوردیەوە سەرکەوتوانە...

کاتێ ئێزگەی بەغدا لە عێراق کرایەوە لەگەل ئێزگەی کوردی دواتر. پەیوەنی نێوان مەقا مبێژانی کورد و عەرەب بەهێز بوو. هەروەها لە نێوان هونەرمەندانی نوێخواز... مریەم

خانیش لە هەردوولا بەشدار و سودمەند بوو.. کاریگەری مەقام و هەروەها گوتنی نوێ لەگیانی چەکەرەیدا.. هەر بەوهۆیەوەش مۆیسقای نوێش هاتنە ناو گۆرانی کوردیەوە.. هونەری کوردی سودمەند بوو لەو جولانەوە هونەریەو مەقاماتە.. ئەوەش ڕێڕەوی هونەرمەند مریەم خانی ئاسانکردوو بووە هۆی دەرکەوتنی لە نێوان گۆرانی نوێ و کاریگەری باشی هەبوو لە ناو مۆسیقیەکانی کوردی ئەو سەردەمە، کە ئەدای گۆرانیەکانی بە قورگێکی زیاتر کوردانەی نوێ دەکرد... گوێگری کورد بەباشی هەستی بە جیاوازی دەکرد لە گوتنی مریەم خان کە هەورازو بەرزو نزمی تێدابوو لە گوتنا...هەندێ لە ئاواز دانەرە کوردیەکان توانیان سوود لە هەندێ شێوەو دارشتنی ئاوازی سوری و میسری ببینن لە ڕێگەی دەنگی مریەم خانەوە... بەتایبەتیش کە مۆسیقای ڕۆژهەلاتی نیوە دەنگ و چارەگە دەنگی تێدایە کە ڕەنگاو ڕەنگ و دەولەمەندیەکی زۆر دەبەخشێتە گۆرانی و مۆسیقای ڕۆژهەلاتی بە گشتی. کێشەکان و ڕتمی کوردیش زۆرن وەکو مۆسیقای عێراقی و میسری و هی تر. لەوانە ٤ ,٢ / ٤. ٣ / ٤ ,٤ / ٤ ,٥ ...تاد. هەروەها کێشە قورسەکانیش ... هەموو کێشەکانیش لە سەر بنچینەی سێجۆر پێکدێت ئەویش (دم. تک . اس)ە . ئەوەی هونەرمەندو هونەر دۆست بێت . مانای ئەو ڕتمانە دەزانێت.. گوتنی مریەم خان پابەند بوو بەو گیانەی لە مۆسیقای کوردی دا هەیە لە کێش و هەلسان و ڕتمی گۆرانیدا.. شێوەی قورگی مریەم خان دیارو ئاشکرابوو بە ڕوونی . لە نێوان قۆناغێک و قۆناغێکی تری گۆرانی کوردیدا... کاتێک گۆرانی کوردی هەلبەزین و دابەزینی پێوە دیار بوو لەسەردەمانێک دا... بەلام بەهۆی هەولَ و کۆششی هەندێ لە هونەرمەندای کورد توانی ببوژێتەوە و پشت ئەستوربێت بە هونەری فۆلکلۆری کوردی... مریەم خان توانی بەسەر ئەو هەموو شێوە و نوێ بونەوەدا سەرکەوێ و دەرکەوێ... بەتایبەتیش کە ڕووبەری دەنگی مریەم خان پان و بەرینە و دوو ئەوەندەی ڕووبەری ئاسایی دەبێت..تایبەتمەندیەکی هەیە کە ژێیەکانی قورگی زۆر توندو بەهێزن. ئەوانەش بە ڕاهێنان نەبێت پێناگەن و ساغ نابنەوە. مریەم خان لەو هەولەدا زۆر سەرکەوتوو بوو کاتێک دەنگی خۆی هەلبڕی لە گوتنی سەنگین و شێوە گوتنێکی جیا لە دەنگەکانی تر... لە دەنگی بەرزەوە دەیتوانی بە ئاسانی بێتە خوارەوە بۆ دەنگی گڕ... زۆر لە دەنگی گۆرانیبێژی میسری (منیرە مەهدیە) نزیک بوو... مریەم خان هەموو جۆرو شێوەکانی لە گۆرانیدا گوتوە بەسەر کەوتویی.. لەسەر ئەوەشەوە لەو کاتانەدا هونەری کوردی بە قۆناغێکی ئاستەنگ و شێواو و ناخۆشیدا تێپەڕ دەبوو... بەلام مریەم خان توانی هێزو گوڕو تینێک بدا بە گۆرانی کوردی هەتا دوای پیربوونیشی... لەبەر ئەوە گەلی کورد و هونەرمەندانی کورد نابێ چاکەو ڕێزو پایەی ئەو گۆرانیبێژە لە یاد بکەن کە چەند خێرو بەرهەمی بۆ هونەری کوردی هەبووە....

## تایەر تۆفیق

# ئەوکاتەی گۆرانی گوتن دەبێتە دۆز.. (قەزیە)

سەردەمێکی هەستیار لەگەرمەی بنیاتنانی مۆسیقای عێراقی گۆرانیبێژی کورد تایەر تۆفیق هاتە مەیدان. ئەو کوڕی تۆفیقی عەبدولرەحمانی کوڕی حەمەدی شێخانیە.. ساڵی (١٩٢٢) ز لە شارە جوان و خنجیلانەکەی (کۆیە) لە دایک بووە.. لە ساڵی (١٩٢٩) ز باوکی بردیە مزگەوت لای مەلا بۆ فێر بوونی خوێندن و نوسینی قورئان.. دواتر لە ساڵی (١٩٣٢)ز چووە قوتابخانەی سەرەتایی. لەو ماوەیەدا بەهرەی دەنگخۆشی و گۆرانی گوتنی لێبەدەردەکەوت.. دەستیکرد بە گۆرانی گوتن لە بۆنەکان کە قوتابی لەگەڵ مامۆستاکانیان پێی هەڵدەستان. تایەر تۆفیق ئەو گۆرانیبێژە بوو کە زۆر بەپەلە بوو بۆ ناو بانگ دەرکردن و بەرز بونەوەی بەرەو لووتکە... باش گوێیگرت لە شێوە جیاجیاکانی گۆرانی کوردی و تورکی و میسری و عێراقی.. دواییش لەگەڵ گۆرانیبێژە گەورەکانی کورد دانیشتوو بەیەک گەیشتن وەکو سێوە و مەلا ئەسعەد...تاد. ئەوانەش زۆر ڕایان لە دەنگی ئەو گەنجە بەهرەدارە بوو. هەروەها لە شێوەو گوتن و مۆرک و ئەدا کردنی لە گوتندا.. ساڵی (١٩٣٦) ز هەتا ساڵی (١٩٤٠)ز گۆرانی دەگوت لە گەڕەک و ماڵ و هەر شوێنێک با لەشارەکەی خۆی (کۆیە).. سەرسامیەکی بێ وێنە و لە ڕادە بەدەری لە لایەن خەڵکەوە بۆخۆی دەستە بەر کرد.. ساڵی (١٩٤٥) چوە بەغداو ئێزگەی کوردی عێراق. لەوێش هەفتانە ئاهەنگێکی بۆماوەی نیو سەعاتیان بۆ تەرخان کرد بوو. بەردەوام بوو لە گۆرانی گوتن. تاکو ساڵی (١٩٥٦) ئەوکاتەی بەبەڕێوەبەری شارەدێی (سیدەکان) دامەزرا بۆماوەی یەک ساڵ ، دواتریش گواسترایەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆی عیراق. تاکو ساڵی (١٩٦٠) لەوێ مایەوە. ئینجا گەڕایەوە ئێزگەی کوردی لە بەغداو گۆرانی دەگوت تاکو ماڵئاوایی کردنی. ( لێرەدا ناتەواویەک بەدی دەکرێت لەو نوسینەی نوسەردا. لەوانەیە ئەو کەسەی ئەو زانیاریانەی پێداوە. لە بیری کردبێ کە تایەر تۆفیق تاکۆتایی ژیانی هەر لەبەغدا نەمابوو.بەڵکو بۆماوەیەکی زۆر لە هەولێر دادەنیشت و هەر لە هەولێریش فەرمانبەر بوو.دواییش خانەنشین بوو. ئینجا لە شاری (کۆیە) لە ڕۆژی (١٩٨٧/١٠/٢٠) کۆچی دوایی کردو لە شارەکەی خۆی شاری حاجی قادر لە گۆڕستانی عارەبیان نێژرا...وەرگێڕ ).

تایەر تۆفیق عیشقێکی بێ پایانی بۆ مەقامات هەبوو کە هیچ سنوورێکی نەبوو... لەو ڕووەوەش ئێجگار سەرکەوتوو و زرنگ بوو. بە شایەدی گەورە هونەرمەندو گۆرانیبێژی

سەردەمی خۆی..ئەو گۆرانیبێژە هەر گۆرانیەک گوێبیستی ببا زۆر بەزوویی ڕەوانی دەکردو جوانتریش دەی گوتەوە و ئەدای دەکرد.. گوێی مۆسیقای وادیار بوو گەلێک سووکو بەهێز بوو... لەبەر ئەوە هەوڵیدەدا بە هەموو هێزو توانایەوە بەو بەهرە خواییەی پێی بەخشرابوو ئەداو گوتنی مەقامات بەرجەستە بکات بۆ گوزارشت کردن لە توانا گەورەکەی گوتنیدا..لە پاڵ ئەوەش کە کاریگەر بوو بە مۆسیقای تورکی و میسری و کوردی . هەوڵیدەدا بە قورگە زێرینەکەی پاوان خوازی و مەیدان خوازی لە نێوان ئەو ڕەنگانەدا بکات لە گۆرانی گوتندا ...ئەوەش بووە هۆی ڕاهێنان و زانیاری بۆ سەرکەوتنی .چونکە دەرگاو ئاسۆیەکی فراوانی بۆ کردەوە کە لە بیرو هوریشی دانەبوو..قورگە بەهێزەکەی وەک لە (بۆتەی) زێڕینگەرا بتوێتەوە لە ناو گۆرانی کوردیدا.....لە نێوان میلۆدی تاکی بۆ خەڵکی کۆچەر.گۆرانی هاوکار لەگەڵ شایی و هەڵپەرکێ ئینجا لەگەڵ مۆسیقاو ژەنیارانی پیشەیی .. هەروەها بانگدان و قورئان خوێندن (نوسەر). لێرەدا بۆمان ڕون دەبێتەوە ئەو نەخشە ڕێگایەی گۆرانیبێژی بەتوانا تایەر تۆفیق چۆن چووە قو لایی هونەری گۆرانی گوتن و سەکۆیەکی بەرز بۆخۆی داگیر بکات کە بە چاوی ڕێزو شایستەوە هەموو کەسێک تێی دەڕوانی.. ئەو لەو هونەرمەندانە بوو مەقاماتی زۆر بەجوانی و بە نایابی ئەدا دەکرد...لە پاڵ ئەوەش لە بەستەگوتنا بەهەموو شێوەکانیەوە وەستاو شارەزا بوو. تایەر تۆفیق تواناو ئەز بەرکردنی هەبوو لە هەموو بەش و پەناو پێچەکانی مەقامە سەرەتاییەکان.. بەزانیاریەوە لە ئاوازە وردەکانیشەوە کە مەقاماتی گەورەی لێ پێکدێت..

خوالێخۆش بوو.. ئەیتوانی لە مەقامێکەوە بگوازێتەوە بۆ مەقامێکی تر..ئەوەش بەڵگەو نیشانە بوو بۆ بەدوا داچونێکی زیرەکانە لە هونەری مەقامات و پەیوەست بوون بە ئوسول و ڕێگاکانی گوتنی.. بۆ زانیاریش : زۆربەی مەقامبێژانی کوردو عەرەب زانیاری ئەوەیان نەبوو چی دەڵێن.. یان ئەو مەقام و نەغمەیەی ئەیڵێت بەچیدا دەڕوات و تێدەپەڕێ... لەڕاستی دا مەقامبێژی باشو زرنگ دەبێ بزانێ چ مەقامێک دەڵێ و ئسول و ئەداکردنی چۆن دەبێ و گۆڕانکاریەکان لە کوێندەرێ دەبێ و چۆن لە مەقامێک دەگوازرێتەوە بۆ مەقامێکی تر هونەرمەندانە... دەتوانین بڵێین گۆرانیبێژی کورد تایەر تۆفیق هەستێکی بەهێزی هەبوو. تاڕادەیەک زانیاری هەبوو لە چڕینی مەقام و، مەقامی بەشێوەیەکی هونەری نەخوێند بوو بۆ (ئەدا) کردن. ((نوسەر))... ئەگەرچی مۆسیقاشی نەدەزانی بژەنێ، بەڵام گۆرانی گوتنی بەرێگەی تەجرەبەو ڕاهێنان ئەزبەرکردن و وەرگرتن فێرببوو.. لەم بوارەدا مەودایەکی ئێجگار دوورو درێژی بڕیبوو لە پێشکەوتن و گەشەکردن. ئەمە بۆ هەموو کەس و هونەرمەندو

گۆرانبێژێک دەستەبەر نابێت و نایەتە ئاراوە.. تەنها بۆ ژمارەیەکی کەم نەبێت .. لەبەر ئەوە تایەر تۆفیق پەیوەست بوو بە ڕێگەکانی گوتن و ڕەهەندە هونەریەکانی بەجدی و ڕاست و دروست. ئەوەش ئەو سەروەریەی پێدا بگاتە لوتکەی هونەری لە گەشەپێدا نو پارێزگاری کردنی کەلەپوری نەتەوەیی مەقامات. کە لەڕەگ و ڕیشەی زیندووی میللەتی کورد دایە.. تایەر تۆفیق هونەری گوتنی (بەستە) ی بەجوانی و وەستایی ئەدا دەکرد ئەوەش بابەتێکی تەواوکەری مەقامە.... بەستە گۆرانیەکی سوکەڵەیە یەکسەر دوای چڕینی مەقام دێت. وا بەستە نیە بەو کۆت و پێوەندانەی مەقام دەیسەپێنێ.. بەڵکو مەرجی گرنگ ئەوەیە لە هەمان ئاوازو نەغمەی ئەو مەقامە بێت کە پێشتر گوترا..لەبەر ئەوەی مەقام لە ئاوازو نەغمەیەکی تایبەت دەبێ. دەکرێ بەستەشی هەبێ و بگوترێ دوای مەقامەکە. بەڵام مەرجیش نیە دوای هەموو مەقامێک بەستەیەکی دەست نیشانکراو و تایبەتی لەگەڵدا بگوترێ. بەڵکو تیپی مۆسیقاکە بۆی هەیە بەستەیەک هەڵبژێری و دەستنیشان بکات بۆ گوتن و ئەنجام دانی لە هەمان مەقام.. هەر مەقامەو چەندین بەستەی هەیە زۆری و کەمی مەرج نیە و هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت.. بەستە هەیە لە مەقامی ڕاست یان بەیات یاخود سێگاو سەبا...تاد . لاریش لەوەدا نیە لەو مەقامانە ئاواز بۆ بەستەی تازە دابندرێ و بگوترێ.. هەر لەبەر ئەوەش دەبینین تایەر تۆفیق گوێچکەمانی پڕکردوە بە جۆرەها بەستەی جیاجیا لە مەقامەکان بەگوێرەی تواناو بەهرەو تێکەڵاوی و بەردەوام بوون لەسەر ئاراستەو داب و نەریتی گوتن.. زۆربەی مەقامبێژان گوتنی بەستە بە جۆرێک لە حەسانەوەو ئارامی دادەنێن دوای ماندو بوون و ئەدا کردنی مەقامەکەو خۆ ئامادەکردن بۆ چڕین و دەست پێکردنی مەقامی تر یاخود بەشێکی تر لە هەمان مەقام... بەڵام تایەر تۆفیق بەستەی بەجۆرێک لە هونەری گوتن هەژمار دەکرد کە چێژێک بداتە گوێگر. ئەو کەش و هەوایەکی جوانی هونەری دەخوڵقاند.. ئەو بەو پەیڕەوە پابەند بوو کەلەیاسای مەقام گوتنا ئەیگرتە بەر . تاکو کاری گوتن و بەرزەفتی گونجاو بەرپا بکات هەتا گوێگر ڕابکێشێ بۆ گوێگرتنێکی بە چێژو بەشداری کردنیش هەندی جار لە گوتنی بەستەکەدا... گۆرانیبێژ تایەر تۆفیق جەختی لەسەر بەهاو نرخی بەستە دەکردەوە کە بریتێکی هونەریەو بۆ ڕۆڵی مەقام تەواو کەرە.. شتێکی جوان و نایاب بووکە تایەر تۆفیق جارجارە لە پارچە مەقامێکدا بەستەیەکی ئەچڕی و دواتر دەگەڕایەوە پارچەیەکی تری مەقامەکە . ئەوەش خۆشی و ڕەنگ و بۆیەکی ئاهەنگی دەدا بەگۆرانی و گوتنی کوردی..هەروەک لەسەرەتای نوسینەکە گوتم تایەر تۆفیق زانیاری نەبوو لە بارەی ژەنینی ئامێری مۆسیقاوە..

بەڵام لەڕوی ئەداو نوێبونەوە لە هونەری گوتندا باڵا دەست بوو..جا لەبەر پێشەنگی لە بواری بەستەی دوای مەقام بە دەنگە زوڵاڵەکەی ئەو لایەنەی زۆر دەوڵەمەند کرد بوو .. گوێگرێکی بە دیقەت و ورد بین بوو لە هەموو جۆر و شێوازەکانی گوتن... ئەو وەختە لە ڕێگەی سندوق و قەوانەوە گوێی دەگرت قەوانی عەرەبی و تورکی ...تاد . هەروەها چونکە دۆست و هاوڕێی زۆر زۆر لە شاعیرانی بەناو بانگی کورد هەبوو توانی شعیرە نایاب و دانیسقەکانیان لێوەر بگرێت تا لە گوتنی دا بیڵێت..( (دەشزانین شیعر جمکەو دەستەبرای ئاوازو گۆرانیە و نرخ و بەهایەکی زۆر دەبەخشێتە گۆرانی و مەقام)).لەبەر ئەوە تایەر تۆفیق زۆر پابەند بوو بە شیعری جوان و پڕماناو چێژ.. لەگەڵ دێرو بەیتەکانیدا دەکەوتە هەست و نەستێکی بێ پایان... دەنگی تایەر تۆفیق لە دەنگە دەگمەنەکانی گۆرانی کوردیە.. لە پاڵ تواناو بەهرەکەی کە لەنەغمەیەکەوە ئەیگوازتەوە بۆ نەغمەیەکی تر زۆر بەئاسانی و ڕەوانی ... دەنگە بەسۆزو خۆشەکەی توانی بۆ مەودایەکی دوور لە هونەری گۆرانی و مەقاماتدا بڕبکات.. بۆیە تایەر تۆفیق بۆتە سیمبولێکی گەشی و هونەرو گۆرانی کوردی . کەم کەس توانیویەتی بگاتە ئەو ئاستە .. ئەو دەنگێک بوو لە بەرز بونەوە بۆ پلەو پەیژەی بەرز بە توانا بوو هەروەها لە هاتنە خوارەوەو گڕی بۆ قو لایی دەنگی (باس) و (گڕ) (باریتۆن). هەندی جار پەنای دەبردە بەر دەنگی خوازراویش (استعارە) تاکو چەند پلەیەکی تریش بخاتە سەر پەیژەکەی بۆ زیاتر برەودان لە بەرزبوونەوە لە ئەدا کردنی گۆرانیەکانی.. دەتوانین بڵێین تایەر تۆفیق کە ڕێگایەکی درێژی بڕی لە ئەدا کردی هەندی مەقاماتی قورس و سەنگین لە شێوازی میسری نزیک ببۆوە.قوڕگە بەهێزەکەی خۆی تاقی دەکردەوە لە گوتنی ئەو پارچە قورسو گرانانە دا لە گوتن. هەروەها تایەر تۆفیق فێرە ئوسوڵی بانگ دان و قورئان خوێندنەوەش بەدەنگ بوو. (نوسەر)... لە ژیانی تایەر تۆفیقدا جار جارە دابڕانیک پەیدا دەبوو لە گۆرانی گوتنا . ئەوەش هەندێ کاری کردە سەر بنیاتنانی ڕێک لە گوتنا. چونکە ئەو بنیات نانە دەنگ و (نەبرە) لە دوای یەک دێت . بەتایبەتیش لە ساڵەکانی کۆتایی ژیانی. کاتێک دەنگەکەی زبری و دڕی ناسازی تێکەوت بە قورسی دەهاتە بەر گوێ لە ووشەو ئاوازدا..(نوسەر).. بەڵام ئەوەی گومانی تێدانیە لە هونەری ئەو هونەرمەندە گەورەیەی کورد ئەوەیە: ئەو توانی برەو و هێزێکی گەورە بداتە بەر هونەری کوردی ئەوەندەی کەسێکی مەزن بیدات بە مەسەلەو کێشەی چارە نووس ... سەرکەوتوو بووەتە پارچەو بەشێکی خۆشەویست لە کەلەپوری نەتەوەیی گەلی کورد......

**حەسیبە ئەلماز ( ئەلماس خان) .**

## ئەو دەنگەی لەسەردەمی خۆی دەرکەوت و لێی دەرنەچوو

مۆسیقای کوردی وا هەژمار دەکرێ لە بەرز و نرخو قووڵی مێژوەکەی. کۆنی ئەسلەکەی. وا باوبوو لای زۆر کەسی لێکۆلەر و شرۆڤەکاری مۆسیقای گۆرانی کوردی ئەسڵەن (ئیغریقیە). چونکە وایان هەژماردەکرد مێژوەکەی لەسەردەمی جاهیلیەتەوە دەست پێدەکات. ئەو کاتە هێزی ئیغریقی و بێزەنتی لەو پەڕی تواناو هەڕەتی لاویەتی دابوو.. بەڵام پێشکەوتنی هۆیەکانی دۆزینەوەی شارستانیەکان و سەرهەڵدانی زانستی شوێنەواری لەسەردەمی نوێداو ئەوەی هەڵکەندن و بەدوادا گەڕان دەریخست و ئاشکرای کرد. ئەوانە هەموویان ڕاستینەی مێژووی مۆسیقای کوردمان بۆ ڕوون دەکەنەوە.. بۆمان دەرکەوت ڕۆشنبیری کوردی سەرەتاکەی ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (جاهیلیەت).بەڵکو بۆ زۆر پێشتریش دەگەڕێتەوە.. بچینە ناو کرۆکی مێژوەوە دەبینین سەر کەناری ڕووباری نیل گەلێکی لێبوە شارستانی مۆسیقای قووڵی هەبووە. چونکە لەسەرخاکی وڵاتی نیل خولێکی تەواوی پێگەیشتوو نەشونمای شارستانی مۆسیقا ڕویداوە. جا چ ئامێرەکانی ڕتم بێت یاخود ئامێرە ژێدارەکان یان ئامێرە هەوا فوودارەکان... هەروەها لەسەر کەناری ڕووباری دیجلەو فوراتیش شارستانی و ژیاریەکی کۆنی لێبوە لە شاری (بابل) و (ئاشور). لەنێوان گەلی کەنعانی و فینیقی و حەیسی. ئەو شارە مۆسیقیە درێژ بۆتەوە بۆ گەلانی ڕۆژئاوای ئاسیا. بلێسەو ڕوناکی ئەو شارستانیە مۆسیقیەی ڕۆژهەلاتی و عەرەبی تێکەڵاو و ئاوێتە بووە لەگەڵ مۆسیقای ئەو شارانە بەهۆی دراوسێیەتی جوگرافی و بازرگانی و داگیرکردن و گۆڕینەوەی زاناو هونەرمەندا. هەروەها بەهۆی ئامێرە جۆراو جۆرەکانی مۆسیقا. ئەوەش دەبێتە کۆکردنەوەو یەکگرتنی یەکەیەکی هونەری...لێرەدا دەبینین وڵاتی کوردان چەند سودمەند و تێکەڵاو بووە لەو هاتن و چونە تێکەڵاویە. جا کارتێکەرو کارتێکراو بوە لەڕوی دروست بونی قەوارەیەکی هونەری بەو هەموو تێکەڵاویە. جگە لە تایبەتمەندی ناوخۆی کوردەواری.(نوسەر)..گۆرانی کوردی پێگەیشت لە ژینگەیەکی کارتێکەرو کارتێکراو لە لایەن دەوروبەر... لەناو گۆرانی کوردی شتێک نەبوو پێی بگوتری تەکنیکی ئەدای دەنگ. چونکە ئەو کارە بە قۆناغی دوورو درێژدا تێپەڕ دەبێت لە پێکهاتن و فراوان بوونی دەنگو ڕووبەری تا ئەو پەڕی توانای...ئەوەی هونەری کوردی پەیڕەوی کرد وەکو هەموو گەلانی تری ڕۆژهەلات. ڕاهێنان بوولە گوتنی خۆڕسک دوور لە هەموو مەنهەجێکی هونەری. گواستنەوەی گوتن لە ڕێگای زار بوو. نەوەکان یەک لەدوای یەک دەنگ بە دوای دەنگ دەگوازرانەوە .لەسەر بنەمای زەوقو چێژ بەبێ هیچ داهێنان و جوانکاری سەرپێ یی...

گۆرانیبێژی دیارو بەناوبانگی کورد ئەلماس خان شارەزایی فێربونی لەڕێگەی گوتن و فێرکردن و پێگوتنەوە بوو. ئەوەی گوێی لیبوایە ئەزبەری دەکردو بەباشی وەری دەگرت. فێری هونەری بڕین و وەستان و داخستن بوو. دەنگی وردە وردە گۆڕانکاری و جوانکاری تێدا پەیدا بوو. چونکە نزیک دەبۆوە لە مەقاماتی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی. ئەڵماس خان نیشانەی سەردەمێکی گوتنە کە پڕاوپڕ بوو لە گۆرانیبێژانی پیاو و ژن.لە عەرەب و کورد. وەک (محەمەد گوبنچی) (نەجم شێخانی) (سەلیمە موراد)(مریەم خان) (سدیقەمە لایە) (خڤیری ئەبو عەزیز) (حەسەن جەزراوی) (زەکیە جۆرج)منیرە هەوەزوەز)(سولتانە یوسف)(عەفیفە ئەسکەندەر)...تاد. ئەوەش شتێکی سروشتی و حاشا هەڵنەگرە ئەبێ کاریگەر بێت بەم پۆلە نایابە لە گۆرانیبێژان..هەوڵیدا لە گۆرانی گوتنا تام و چێژێک و شیرینیەک بەرپابکا لە ئەدا کردن و زۆریەتی مەقام سازی... ئەو توانایەی لە ئەداکردن وای لە ئەڵماس خان کرد ڕوو لە گوتنی سەرپێی (ارتجال) بکات لە گۆرانی گوتن و پەلهاویشتن لە هەندێ گۆرانیەکانی...جگە لەمەش کەلە پورێکی پێش کەوتووی هەبوو لە گۆرانی کوردی بنەچەکەی دەگەڕایەوە سەرەتای سەدەی بیستەم.. لەسەرەتای ئەم سەدەیە هەندێ لە ئاواز دانەری کورد دەرکەوتن هەستی هونەری کوردیان لە خەو هەڵساندو سادەیی و کرچ و کاڵیەکی کە تێکەڵاوی مۆسیقای کوردی ببوو ڕەواندەوە. بەرەو مۆسیقایەکی ڕەسەن لە مەقاماتی ڕۆژهەڵاتی ڕاست و دروست.. لەگەڵ ئەو پێشگەوتنەش ئێزگەی کوردی ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لەبڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و مۆسیقای گۆرانی... دوای شەڕی جیهانی دووەم ئێزگە دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندن و زانیاریەکی کاریگەر دەربارەی ژینگە.. گۆرانی کوردی نوێ بوو لە ڕوی ناوەڕۆک و هۆنراوە..لەبەر ئەوەی گۆرانی کوردی لە دووبنەمای کەلەپوری دەستی پێکرد بوو. ئەویش فۆلکلۆری و کەلەپوری ڕۆژهەڵاتی نا فۆلکلۆر... گۆرانی کوردی بوە گۆرانیەکی میللی بێ ڕکابەر.. بەم شێوەیە گۆرانی کوردی هاتە گۆڕەپان و خۆی نمایش کرد بۆ گوێگران بەهەموو توانای میللیەوەی لە دەوڵەمەندی ئاواز و نەغمەدا.. فۆلکلۆری کوردی بووە فۆلکلۆرێکی تازەو نوێ لەسەر دەستی هەندێ هونەرمەندی کورد. ئەوانەی توانیان بچنە ناو قو لایی فۆلکلۆرو کارێکی تازەو نوێو پێشکەوتوو بێننە کایەوە لە ڕوخسارێکی جوانی تازەگەریدا پێشکەشی بکەن.. فۆلکلۆریان وەک کەرەستەی سەرەتایی خۆی لە ڕتم و دەنگ و روخسار سەر لەنوێ زیندوو کردەوە و گەشەیان پێدا.. بابڵێین ئەوان هەستیان بە ویژدان و ڕوحی قووڵی فۆلکلۆری کوردی کردو دەستەبەری ویژدانی میللی و کۆمەڵگەو مێژو کردو هێنایانە ناو کەشو هەوایەکی نوێ ی وا کراوە بۆ هەموو هەوڵێکی داهێنان..ئەو هەموو گۆڕانکاریە ئەڵماس خان لە نامەکەی حالی نەبوو. بەڵام بەدەنگەکەی توانی گوزارشت

بکات و داواو ویستی ئاواز دانەرانی کورد لەو گۆڕانکاریە دا جێ بەجێ بکات تا وای لێهات فۆلکلۆری کوردی بوە شتێکی زیندوو گەشەو پەلو پۆی بەرزو بڵاوی دەکرد کە هێزەکەی لە دەورو بەری ژینگەی کوردی وەردەگرت. بەم جۆرە دەنگب ئەڵماس خان چووە ناو قۆناغی ڕاهێنانێکی قورس و سەختەوە بە هەموو ئاراستەکانی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی نوێ.. لەوانەیە بڵێن: حەسیبە ئەڵماس خان نەیتوانی بێت مافی تەواوی ئەم لایەنەی نەدابێت لە ئەداو بەهرەو بەخشش. بەڵام هەوڵیدا.. هەوڵدانیش دەکرێ بگوترێ سەرکەوتو دەبێت یان نا.. سەرکەوتنیش لە لایەن ئەڵماس خانەوە ئەوە بوو ڕوی جوانی هونەری و دەربڕینی مێژوویی ئەو گۆرانیە نمایش بکات..ئەمە بە ڕاهێنانی زانستی و کارکردنی بێ ووچان دەبێت.. مەبەستمان لە زانستی ئەوەیە: دەبوایە ئەو هونەرمەندە وانەیەکی قوڵی بکردایە لە تێگەیشتنی ڕەهەندەکانی فۆلکلۆر و نوێبونەوە. ئەوەش لە دەنگی ئەڵماس خان ڕوی نەدا.(نوسەر)...ئەو پرسیارەی لێرەدا خۆی دەسەپێنێ ئەوەیە: ڕۆڵ و قەبارەی ئەو گۆرانیبێژە کوردە کۆنە چیە؟؟!. وەڵاممان بۆ ئەم پرسیارە ئارەزومان دەوروژێنی بەرامبەر ئەو ڕۆلەی ئەو گۆرانیبێژە گێڕای.. ئەو خاوەنی قورگێک بوو ویستی هەموو شێوازەکانی گۆرانی کوردی ئەدا بکات.. هەموو هەوڵێک کە پاشەکشە نەزانێت.. ئەو گیانی زیندوی فۆلکلۆری هەڵسەنگاند بوو. هەوڵیشی دەدا لە پاشماوەو ژەنگی بەکار هاتوی زۆر بیشواتەوە و بە ڕوەگەشو جوانەکەی دەریخات.. لەوانەشە ئەو درکی بەم لایەنەش نەکرد بێ.بەڵام هەوڵی دا سواری ئەم شەپۆلە بێت.. ئەو هونەرمەندێک بوو لە نێوەندێکی ژینگەیی و میللی دیارکراو..جوانی زۆرە لە گەردوون. ڕوناکی ڕۆژ . گەمەی منداڵ . دەست و بازوی جوتیار کە کێڵگە دەکێڵێ. لەو کیژەلە پەنجەرە دەوەستێتو تەماشای هات و چۆی تێپەڕ بوان دەکات...هەمووی خۆشیە. هەمووی سەرسامیە. ئەوەیە جوانی. هەموو دژ یەک لە هەبوون و لە واقیع. وێنەیەکی ڕاستینەی دیتراوە. بەڵام هونەرمەندی بەسەلیقەو بەهرە باشتر ئەو دژەکاریە دەردەبڕێ لەو دژە جوانی و تێکەڵاو بوونی لەگەڵ هەموو شت..ڕاستە حەسیبە ئەڵماس خانی هونەرمەند نەی توانی گوزارشت لەو هەموو شتە بکات.بەڵام هەوڵیدا لە ڕێگەی قورگە بەهێزەکەی هەموو توانایەکی گۆرانی و هونەری پێوە دیار بوو. لە بەرزو نزمی. لە پلەی زۆر بەرز بۆ پلەی نزم و گڕ.. دەیتوانی بەناو مەقامەکاندا گەشت بکا. توانی لە گێژاوی داب و نەریتی گۆرانی کۆن دەرچێ. بەڵام ئەنجامی کۆتایی دەربڕینێک نەبوو گوزارشت لە گیانی سەردەم بکات.. تەنها پێدا هەڵگوتن بوو. لەبەر ئەو گۆرانیبێژ حەسیبە ئەڵماس خان وەک گۆرانیبێژێکی هەوڵدەر مایەوە نەک یەکێک دۆزەرەوە و کاریگەر لە نێوان دیاردەی هونەری گۆرانی گوتن....

## شەماڵ سائب

## نوێبوونەوەی گۆرانی کوردی ، نوێبوونەوە لە گۆرانی کوردیدا.....

گۆرانیبێژی کۆچ کردوو شەماڵ سائیب تەنها ناوێک نەبوو بخرێتە سەر ناوی گۆرانیبێژانی کورد. بەڵکو ئەو دەنگێکی گەورەو بەهێز بوو لە گۆرانی کوردیدا... توانی لەو ماوەو ساڵە دوورو درێژەی لە خزمەتی هونەری کوردیدا بڕی. ببێتە یەک لە (کەڵە)هونەرمەندە دیارەکان و جێ پەنجەی خۆی دیاربکا لەو بوارەدا کە قەت لەبیر ناچێت.. جا بۆ ئەوەی ڕۆڵی ئەو هونەرمەندە بزانین و دیار بکەین لە ناوگۆرانی کوردیدا پێویستە سەرێک بەلای ئەو سروشتەدا بکەین تاکو ڕوخساری ئەو ڕۆلە لە چوار چێوە دا بدەین کە ئەو پیاوە پێی هەڵسا... گۆرانی کوردی بێگومان جمکەی گۆرانی عەرەبیە و برای دایکو باوکیە. هەردووکیان بەیەکەوە گەشەو پێشکەوتن بە تیوری و کردار لە ژینگەی ڕۆژهەڵاتی لەیەک نزیک. ئەوەش لە دوو قۆناغدا..(نوسەر).. ..... ١- بە ڕەسەن ناودەبرێت لە ڕووی تیۆری و کردار لەو مەقامانەی کۆشکی تەلاری هونەری کوردی لەسەر باڵابووە...

٢ — بەکرانەوەو ڕۆشنبیری و چوونە ناو یەک لە لایەن گۆرانی کوردی لەگەڵ زۆربەی ڕەگەزی پێکهاتەی گۆرانی عەرەبی . (نوسەر)... پەیژەی مۆسیقای کوردی پێشکەوتوو گەشەی کرد، کاتێک دابەش دەبێت بەسەر (٢٤) کەرت. لە بنەڕەتا پێک دێت (المجنب) لە پاشماوە ((بقیە)) پارچە ((الفضیلة)) . ئەوەش هەموو گەورە مۆسیقایانی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی لەسەری ڕۆیشتون. ئینجا گۆرانی کوردی چووە ناو سەردەمی نوێبوونەوە لەوکاتەی هونەرمەندانی کورد یاسایی نۆتەی ڕۆژئاوایی نوێیان کردە پیشەو بەکاریان هێنا.. ئەوەش بەڕاستی هاوکار بوو بۆ بڵاو بونەوەی گۆرانی لەسەر ڕێو شوونی زانستی لە نێو هونەری کوردی. لە ڕێگەی ئەو ڕۆشنبیریەوە لە نێوان کوردی و عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی.. قوڕگە کوردیەکان توانیان پێشبکەون لەو گۆڕەپانەو بنەمایەکی بەهێزی سەرکەوتنی لەگەڵدا بوو... توانی کرەیەکی ڕاستو دروست لەگەڵ سەکۆی (تخت) ڕۆژهەڵاتی بکات.ئەو سەکۆیەی میراتی هەموو گۆرانی ڕۆژهەڵاتی و گەلانی ئەو ناوچە جوگرافیایەیە.. ئەوەش بنچینەو بنەمایەکی پتەو بوو کە گۆرانی و هونەری کوردی پاڵی پێدا.. ئەو سەکۆیەش (تخت) گۆرانی ڕەسەنی کوردی توانی

پارێزگاری لێبکات لە لایەن گۆرانی بێژە گەورەکانی کورد.. دەشتوانین بڵێین گۆرانیبێژ شەماڵ سائیب یەک لەو دەنگانەیە کە توانی مامەڵەی لەگەڵ ئەو سەکۆیە کرد لە ڕیزی زۆر هونەرمەند و ئەو دەنگانەی گۆرانی و هونەری کوردیان تازە و نوێ کردەوە..(نوسەر)...لە دیارترین جیاکاری دەنگی شەماڵ سائیب . توانای بێ وێنەیەتی لە بەرزی بۆ جەوابەکان و هاتنە خوارەوە بۆ (قەوار) (لەنگەر وەرگێڕ) لە پەیژەی مۆسیقای نوێ... لەبەر ئەوەشە شەماڵ سائیب هەوڵیدا کۆنی قورس بڵێت و نوێی پێشکەوتوش. بە دەنگەکەی لە نێوان هەموویاندا بە گوتنێکی ڕۆژهەڵاتی لە هەموو ڕەنگەکان.. ئەو زۆر کاریگەر بوو بە هونەری مۆسیقار (فەرید ئەترەش) و بە مەقامەکانی کوردی (نوسەر).. هەروەها کاریگەر بوو بە گوتنی نوێ و سەردەم. گوێی دەگرت لە جۆرەها شێوەی گوتنی ڕۆژهەڵاتی . ئەوەش ڕێ خۆشکەر بوو بۆ قوڕگەکەی بتوانی بگونجێ و بگۆردرێ بۆ گوتنی جیاجیا لە جوگرافیایی گوتن.. ئەوانەی گوێمان لێ بوو لە گوتنی هونەرمەند شەماڵ سائیب شتی جیا جیا بوو لە بەستەی کوردی. مەقامی ڕۆژهەڵاتی . گوتنی ئاسایی و چامە (قصیدە) و (چوارینە) (مربع) . ئەو شێوە گوتنانەو هی تریش.. قوڕگی شەماڵ سائیب توانی ئەدایان بکات بەتوانایەکی بەرزەوەو لەو ڕێگەیە بڕ بکات.. هەروەها لە جیاکاریەکانی دەنگی شەماڵ سائیب توانی ئەدا کردنی رستەی گوتن کە نقوم دەبوو لە گواستنەوە بۆ مەقامە زۆرەکان.. هەروەها هونەرمەندمان توانی خۆی بسەپێنێ لە نێو گوتنی چیایی . ئەوەش گوتنێکە جەخت دەکاتە سەر درێژ بوون و هێزی دەنگ و دەرچوون.. لەو دەنگانە بوو توانی گوڕو تینی خۆی دەربخا لە گۆڕەپانی گۆرانی کوردیدا.. شەماڵ سائیب گەشتی هونەری زۆری هەبوو لە وڵاتانی جیهان .. توانی لەو ڕێگەوە هونەری کوردی بۆ ئاسۆی دوور بگوازێتەوە و دەنگێکی جوان و بریقە دار بێت لە گۆرانی کوردی. ئەوەش سەری زۆر کەسی بۆ لای خۆی لەقاند و گوێگر دەرباز بکات بۆ سنورێکی تر لەوەی لێی ڕاهاتبوو.... دەتوانین شەماڵ سائیب وادابنێین دیاردەیەکی هونەری نوێیە لە گۆرانی کوردی توانی بێتە ڕێزی هونەرمەندە گەورەکان. توانی قۆناغێکی پێشکەوتن تۆمار بکات.. ئەو پێشکەوتنە ئاوازو ڕتمیشی گرتەوەو زیاتر گوێگری بۆ خۆی ڕاکێشا... داهێنەر بوو بە قوڕگەکەی . لە لایەن جوانی هونەری کوردی پێشاندا.... دواجار دەڵێین هونەرمەند شەماڵ سائیب شایانی ئەوەیە وانە بکرێت لە لایەنی ژینگەیی و ئسوڵی گوتن بەباشترین دەربڕین....

## جەمال جەلال

# قورگێک بۆ گوتنی قورس و گران

سروشتی ئاسایی لە مۆسیقای کوردیدا بەلای نیشاندانی ڕیتمدا لاردەبێتەوە وەک بنەمای سۆسیۆلۆجی. بەو مانایەی هەموو فەرهەنگێک و ڕۆشنبیریەک ڕتمێکی کۆمە لایەتی کاریگەری هەیە بە هەموو ئاراستەکانەوە. ئابوری . ڕۆشنبیری . ڕامیاری. ئاینی و فەرهەنگی.. مۆسیقای کوردی بە هەموو قورسایی خۆی دەیەوێ نوێنەری فەرهەنگ و ڕۆشنبیری گەلی کورد بێت... دەکرێ ئاوازی کوردی میلۆدی — یەک ئاواز —دابەش بکەین بۆ ئاوازێکی بەدوایەکدا هاتوو بە هاو ڕیتمیەتی هەڵپەرکێ وشایی.. ئەو مۆسیقایەی پەیوەستە بە ژەنیارە پیشەییەکان و ئارەزوو مەندان.. لە پاڵ هونەری بانگدان و خوێندی قورئان. کورد زیاتر لە (٢٨) جۆر شایی و هەڵپەڕکێی هەیە. هەر یەک لەو شایی و هەڵپەڕکێیانە ڕتمی تایبەتی خۆیان هەیە ...زەرەرمەند نابین ئەگەر بپرسین ئایە هونەری گوتن هۆیەک و ڕێگەیەک نیە لە ڕێگەکانی ئاخافتن و گفتوگۆکردن لەگەڵ سروشت؟؟؟!. ڕاستی قسە: هونەری گوتن ئەوەیە... بەتایبەتی لاسایی کردنەوەو هاوسێیەتی کردنە لەگەڵ دەنگەکانی سروشت بەڕادەیەکی سەرنج ڕاکێش.. بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەوڵ وکۆششێکە بۆ بەرپاکردنی ئاخ و ئۆفی ناوەوی مرۆڤ... ئەو دەربڕینەش پەیوەستە بە گیانی سەردەم و کاریگەری سروشتی و جولەی زەمەن.. جا گۆرانیبێژی کورد جەمال جەلال نموونەیەکە لە ئەداکردنی زۆر پێکهاتەی گوتن. ئەو گوتنانەی گەلانی تر بەشداریان تێدا کردوە وەک ئازەریەکان . ئەرمەن . ئاشوری و کورد. ئەبێ بشزانین جگە لە لادێی کورد ئەوانی تر وێک دەچن .تەپڵ و زوڕنا دەژەنن. بەڵام کورد بەتەنها مۆسیقایەکی تایبەتمەندی خۆیان هەیە ڕوخساری ئاوازی میلۆدی لەدوای یەک هاتنی پێوە دیارە... گرینگ: گۆرانیبێژ جەمال جەلال لەسەرەتا ڕوی کردە هەڵێنجانی وانەی زۆر لە هونەرمەندانی کوردی پێش خۆی لە گوتندا. هەوڵیدا ڕێگەو شوێن و چالاکیەکانیان لە ئەدای هونەری گوتن بەرجەستە بکا...تا مەودایەکی دوور لەو ڕێگەیەی بڕی. ئەوەش کارێک بوو وای کرد بە ئاراستەیی ڕاستینەدا بڕوا بۆ دەستە بەرکردنی بنەماکانی کاری مۆسیقای گۆرانی... ئاواز و گۆرانی کوردی میلۆدی و مەقاماتی تایبەتی ڕوونی خۆی هەیە کە مۆسیقای کوردی جیا دەکاتەوە لە مۆسیقای گەلانی تر. بەتایبەت ئەو میلۆدیە ژەنراوانەی لە مەقامی بچوکدان. وە ئەو میلودیانەی لەسەر بنەمای (تتراکۆرد) و میلۆدی بەرز بۆوە لە بنچینەی مەقام .

لەبەر ئەوە گۆرانی و هونەری جەمال جەلال ئەو هەموو تایبەتمەندیانەی لە خۆگرت لە هونەری کوردیدا. ئەوە جێی سەرنجە لە گوتنی جەمال جەلالدا پابەند بونە بەشێوە ئاساکان لە گۆرانی کوردی جا تێکەڵاوی دەکات و پەلو پۆی لێدەکاتەوە وشتێکی تازە بابەتی لێدروست دەکا و ڕەنگاو ڕەنگی دەکا تا بگونجێ لەگەڵ گیانی سەردەم...بەڵام ئاراستەکانی تر لە گۆرانی کوردیدا. وە کاریگەری گەلانی دراوسێی کورد پێویستە تێبینی بکەین. لەبەر ئەوەی کاریگەری زۆری دەبێ لەسەر دوا ڕۆژی گۆرانی کوردی. لەبەر نزیکی و گرێدانی گۆرانی کوردی ناوچەی کلاسیکی لە ئاسیای ڕۆژئاوا... ئەویش دیاردەیەکی بەرچاوە.. ئەو گۆرانیبێژە وا کاری کردوە ویستوویەتی قورگەکەی ڕابهێنی لەسەر گوتنی جیا جیا. وە ئسولی موتوربە کردنی هونەرەکانی گوتن لە نێوەندی جوگرافیایی کورد و دەوروبەری.. ئەگەر بمانەوێ بەدوا داچوون بکەین لە گوتن و قورگی جەمال جەلال ئێمە دەبینین ئەو کانگانە. ئەو سەرچاوانە پەیوەندی زۆری هەیە بەسەرتاپای ڕۆشنبیری کوردی. هەروەها پەیوەندی گوتنی کوردی بە گوتنی گەلانی تر.. سەرەڕای ئاگادار بوون لە پێشکەوتنی داهاتوو بۆ ئەو گووتنە... لەبەر ئەوە جەمال جەلال لە پلەی جیا جیا گۆرانی دەڵێت... قورگەکەی مەرجی باشی هونەری بۆ دابین بووە. بەو مانایەی ئەو قورگە پاراوە بۆ گوتنی هونەری گەلانی دەورو بەری کورد. لێرە ئەمە دەدۆزینەوە، پەیوەنی گۆرانیبێژ جەمال جەلال لەگەڵ بەهرەمەند ((ڕەزا عەلی) کە چەند ئاوازێکی بۆ ئەو قورگە سازکرد بە زمانی عەرەبی و کوردی.. گۆرانی ((ڕۆناک)) دیارترین ئاوازی (( ڕەزا عەلی) بوو بۆ قورگی گۆرانیبێژ جەمال جەلال.. لێکۆڵەری وردبین لە گوتنی ئەو گۆرانیبێژە ئەوە دەدۆزێتەوە: کارکردنی لە ئێسگەی عێراقی بۆ ماوەیەکی دورو درێژ و تێکەڵاوی بەهرەمەندانی عەرەبی عێراقی. توانای ئەوەی توندو تۆڵکرد لەوەدەستهێنانی تازەو نوێ لە گوتنا. بەتایبەت ئەگەر زانیمان نیشتەجێبونی کورد لە قوژبنێکی بێ وێنە لە تێڕوانینی جوگرافی. وەژیانی ڕۆژانەی کۆچەری و لەوەڕگا. قورگی کوردانی بە توانایەکی دینامیکی لە چەرخ داوە بۆ هەستی ئاوازو ڕتم پێکەوە.. ئەمەش جەمال جەلال نەیتوانی ڕوی تێبکات .ئەودەرفەتەی لەدەستدا. کە زۆر توانای هونەری تێدایە. ئەو گرنگیدا بە هونەری گوتن بۆ دۆست و نزیکەکانی لە کورد. ئەوانەی توانایەکی کەمیان هەیە.. ئەگەر بمانەوێ هۆیەکانی ئەوە بزانین کە جەمال جەلال هەندێ جار دوور دەکەوتەوە لە گۆرانی نەتەوەیی و هەندێ جار دەهاتەوە نزیک.بێگومان هەندێ سستی بەدی دەکەین لە جوولەی هونەری گوتن وەک ناسراو بوو پێی.. زانراوە کورد میللەتێکی کۆنن لە ڕەگ و ڕیشەدا. خۆڕاگرو بەسەبرن. ڕابردوێکی کۆن

بەناخی مێژوودا. میللەتێکی  چالاک و بەهێز و بەتوانا لە ئەسل و فەسلی هەبوون. ئەوکارەش وایکردوە هەردەم لەسەر پێ بن بۆ بەرگریکردن لە ڕەسەنی خۆیان و هونەرەکەیان..بێگومان گۆرانی کوردی ئەوەی جەمال جەلال دەیچڕی ئەگەر ئاگادارو پەروەردە بکرابا بە عەقلێکی هەستیاری هونەری. ئەو گۆرانیبێژە شوێنێکی گەورەتر لەو شوێنەی ئێستای دەبوو.  گۆڕانکاریەکی بەرچاوی دەکرد لە بنەمای گۆرانی کوردی.. بەڵام ئەو بەردەوام نەبوو لەبەر زۆر هۆ و ئاستەنگ. لەوانەیە مافی پێبدەین و ڕەوا بێت بۆ ئەو . بەڵام ئەوەی جێی باسەو تەواو چەسپاوە. بەردەوام نەبونی زۆر دەرفەتی زێڕینی لە دەستدا لەو دەرفەتانەی لە ڕێگەیەوە دەیتوانی ئەگەر بەردەوام با.. هەڵکەوتەو تایبەتمەندی قوڕگەکەی نرخ و بەهایەکی زۆری بە گۆرانی گوتنی کوردی دەبەخشی..لەوکاتەی ئێمە باس لە بەهای هونەری هونەرمەندی گۆرانیبێژ جەمال جەلال دەکەین پرسیارێک خۆی قیت دەکاتەوە : جەمال جەلال لە کوێی بەراورد کردن دابنێین لەگەڵ گۆرانیبێژانی پێش خۆی؟؟!. وەڵام دیسان دەمانخاتە بەر پرسیارێکی تر ...ئەو گۆرانیبێژە نوێنەرایەتی چیدەکا لە سەرتاپای جوڵانەوەی هونەری کوردی؟؟! جێی خۆیەتی بڵێین :جەمال جەلال خۆی پێشکەشی هونەر کرد بەو ئیعتیبارەی کێشەیە پێش هەموو شتێک . ئەو دەیزانی بەهرەی گۆرانی گوتنی هەیە.. ئەو مەرجانەش پاڵی پێوەنا بۆ گەیشتن بە پلەو ڕادەیەکی باش لە پێشکەوتن لە گوتندا . ئەو پلەیەش شوێنێکی شیاوی دەبێت ئەگەر لە ڕوانگەی بێ لایەنیدا تەماشا بکرێ . لەگەڵ دەنگەکانی سەردەمی خۆی ... بەڵام چۆن دەکری تەماشای ئەو هونەرمەندە بکرێ بە پێوانەی ڕۆڵەکانی سەردەمی خۆی؟؟ دەڵێین بە دڵنیایەوە باشترین دەنگە لە دەنگە کوردیەکان دۆستایەتی و ئاشنایەتی هەبێ لەگەڵ مەقام و ئاوازە کوردیەکان و ئاسیاییەکان. چ فۆلکلۆر و میللی . یاخود ئاسایی. پەیڕەوێکی هونەری وورد هەلسوکەوت دەکا.. قوڕگەکەشی توانی هەموو مەرجەکانی گوزارشتکردن لە هەیکەلی مەقام و ئاواز داهێنان بکا و لەگەڵ ئەو یاساو پەیڕەوەدا گوزەر بکا..لەبەر ئەوە جەمال جەلال بەتواناترین ڕۆڵەی سەردەمەکەیەتی لە بواری چالاکی و مەقام و گۆرانی .وە جیاکاریش لێرەدا هەردەبێ لە بواری سنوردار کردنی نرخی هونەری بەرامبەر دەنگەکەی .. گۆرانیبێژ جەمال جەلال ئەزمونێکی دوورو درێژی قورسی تێپەڕاند لە گۆرانی گوتنا. ئەو گۆرانی گوتنی بە زمانی عەرەبیش گوت لە پاڵ گوتنی کوردیەکەی. لە کاتێک زۆربەی گۆرانیبێژانی کورد ئەوانەی بەزمانی عەرەبی گۆرانی دەڵێن نەیان توانی ئەوەندە نزیک ببنەوە لە زانستی دەنگ. ئەوەش ڕۆلی جەمال جەلال و تواناکەی دەردەخا لە ئەداکردن و نوتقی ووشە

عەرەبیەکان ئەوەش بوارێکە بۆی هەژمار دەکرێ نەک لێی دەگیرێ (نوسەر). گرینگ جەمال جەلال توانی چالاکانە مەیدانی فراوانی ڕوانگەیەکی بە نرخی هونەری هەموو ئاراستەکان بکاو هەولْبدا لێی تێپەڕ بێت. قوڕگەکەی ئازاد بکا لە شێوەیەک لە شێوەکان بۆ گوتن...ڕاستە جەمال جەلال هونەری ئاسایی کوردی لە چەرخ نەدا بە تەرزێکی قولْ و زیندوو وەکو گەورە گۆرانیبێژانی کورد. چونکە ئەو گۆرانیبێژێک بوو ڕووی کردە گۆرانی تازەو نوێ و خۆ ڕزگارکردن لە کۆت و بەندی کۆن وردە وردە.. ئەوەش قوڕگێکی وای گەرەکە خاوەنی توانایەکی ئێجگار زۆر بێت. بەلاّم توانای بەهێزی قوڕگی جەمال جەلال لەو بوارە کورتی هێناو سنوردار بوو.. دەنگی بریتیە لە چەند پلەیەک (ئۆکتاڤێک) زیاتر برِناکات و زیاتر تێنا پەڕێت . بەلاّم ئەو پلەیە بەشێوەیەکی ڕێک و گونجاو کاردەکات لە بەرز بوونەوە و هاتنە خوارەوە بە پاکی و بێ کەمو کورتی و ئەدا کردنی جوان و ناسک لە دەنگەکان... لەبەر ئەوە توانایەکی باشی هەیە بۆ دەربرینی ووشەکان بە ڕوونی .. پلەی دەنگی شێۆزێکی دەربڕینو هەستی حەقیقی بە مانای تێدایە لە ئەدا کردنا... قسە درێژە دەکێشێ ئەگەر باس لە دەنگی کوردی ئەو گۆرانیبێژە بکەین. بەلاّم هەموو نیشانەکان وا دەپێکن دەنگەکەی پڕو دەولەمەندی گوتنی تێدایە سەرەڕای سنووورداری پلەی دەنگی و دوورکەوتنەوە لە گۆرانی ئاسایی کوردی....